نەوژین
ژمارە (٣٥) تشرینی یەکەمی ٢٠١٩
مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



بۆ ئەوەی لە یادمان نەچێت: لە نوگرە سەلمان چی رویدا؟

2««

# نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی بێ دەسەڵات دەکرێن

■ نەوژین

**لێپرسراوی نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە کەلار، رایدەگەیەنێت: دەسەڵاتی بەدواداچون و لێکۆڵینەوەکردن لە دۆسیەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە دەرەوەی خێزان، لەوان وەرگیراوەتەوە و دراون بە پۆلیس.**




رائید فریاد هیدایەت، لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات کاری ئەوان وەکو نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی، قەتیس بوەتەوە لەو کەیسانەی پەیوەندیان بە خێزانەکانەوە هەیە، کەیسەکانی ژنانیش تەنیا لەو کاتەدا وەردەگرن کە توندوتیژییەکە خێزانیی بێت، ئەگینا لە دەرەوەی خێزان هەر توندوتیژی و پێشێلکاریەک دژ بە ژنان رو بدات، کەیسەکانیان رەوانەی ئەوان ناکرێت.

وتی: بەپێی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ناتوانین ئەو کەیسانە ببینین کە تیایدا ژنان لە دەرەوەی خێزانەکانیان روبەڕوی دەستدرێژی و توندوتیژی دەبنەوە، تەنها لە حاڵەتی فریاکەوتن نەبێت یاخود حاڵەتێکی تایبەت، ئەویش دواتر دۆسیەکەی رەوانە دەکەین و لای ئێمە نامێنێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: «تاوەکو کەسی پلە چواری خێزان، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بکات لای ئێمە دۆسیەکەی دەبینرێت و کاری بۆ دەکرێت».

رائید (فریاد هیدایەت) کە هاوکات وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیانیشە، پێیوایە واباشتر بوە ئەو کەیسانە هەر لەلای نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیەوە وەربگیرایەن و بەدواداچونیان بۆ بکرایە، چونکە وەکخۆی وتی: «کارمەندەکانی ئێمە پسپۆڕیی تایبەتیان هەیە لە بەدواداچون بۆ کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان، هەروەها لێکۆڵەرەکان و پۆلیسەکان لە رەگەزی مێن کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی دیکەی ترە.»

لەلاپەڕە (٣)ی ئەم ژمارەیەدا دیدارەکەی لێپرسراوی نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە کەلار دەخوێننەوە.



کچان پێشەنگی هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی هاوکاریین بۆ رۆژئاوا

6««



کچان دەربەندیخان دەکەنە تەختەی شانۆ

7««

## «ئاین رێگەی کاری سیاسیی بە ژنان داوە»

■ نەوژین

**کارگێڕێکی مەڵبەندی چواری گەرمیانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ئەو بۆچونانە رەد دەکاتەوە کە پێیانوایە ئاینی ئیسلام سیاسەتکردنی بۆ ژنان حەرام کردوە.**

گوڵاڵە عەبدولعەزیز پارەزانیی، لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مێژوی ئاینەکان و بەتایبەت ئیسلام پڕە لە نمونەی بەشداریی ژنان لە کاری سیاسیی، لەو سۆنگەیەشەوە بەپێویستی دەزانێت ژنان بەشداریی لەکایەی سیاسەت دا بکەن.

دەڵێت: «خودای گەورە هۆکار و پاڵپشتە بۆ ئەوەی ژنان و پیاوانی موسوڵمان هاوکاربن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە، چونکە ئەمەش بەشێکە لەسیاسەت».

ئەو ئەندامەی مەڵبەندی گەرمیانی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، لە دیدارەکەدا کە لە لاپەڕە (٤)ی ئەم ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە، داکۆکی لە بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسی دا دەکات و دەشڵێت: «سیاسەت بەشێکە لەژیانی ئەم سەردەمە، بۆیە ژنیش پێویستە وەک پیاو کاری سیاسی بکات، چونکە هەمو پایەکانی ژیان بە ژن و پیاوەوە بەڕێوەدەچێت».

## 40%ی ئەو ژنانەی بەمناڵبون دەمرن تەمەنیان خوار 18 ساڵە

■ نەوژین

**پزیشکێکی پسپۆڕ هۆشداریی دەدات لە بەشودانی کچان لە تەمەنی خوار ١٨ساڵ و دەڵێت: رێژەیەکی بەرچاوی ئەوانەی لەکاتی مناڵبوندا دەمرن، نەگەیشتونەتە تەمەنی یاسایی.**

د. هودا محیەدین محەمەد، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و مناڵبون و نەزۆکی لە سلێمانی، لە میانەی راپۆرتێکی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا کە لە لاپەڕە (٦) بڵاوکراوەتەوە، جەختدەکاتەوە کە بەپێی توێژینەوە زانستیەکان (٤٠٪)ی مردنی ژنانی دوگیان، ئەوانەن کە تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵیەوەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەبارچونی مناڵانی ئەو ژنانەش زۆر زیاترە.

لەو راپۆرتەدا چیرۆکی ژنێک باسکراوە کە لە تەمەنی ١١ ساڵی دا بەشودراوە و لەماوەی ٨ ساڵ دا ٨ مناڵی لەبارچوە و کۆتاجاریش بەسەر مناڵەوە گیانی لەدەستداوە.

بەوتەی (د. هودا محیەدین محەمەد)، ژن کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی دایە، هێشتا جەستەی بەتەواوەتی گەشەی نەکردوە، بۆیە کە دوگیان دەبێت، مەترسی لەسەر ژیانی خۆی و کۆرپەکەیشی دروست دەبێت.



ژنانیش کەڵەشاخ دەکەن

10««

# کچێک دەیەوێت کاڵای تورکی بایکۆت بکرێت

■ نەوین، زریان محەمەد

**لە پاش هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و ئاوارەبونی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان، وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی مەدەنیانە بۆ ئەو داگیرکارییە، هەڵمەتێک لە گەرمیانەوە بۆ بایکۆتکردنی کاڵای تورکی دەستی پێکردوە، لەنێو ستافی ئەو گروپەی لە پشت ئەم هەڵمەتەوەن کچێک هەیە.**



(تەرزە محەمەد) لەگەڵ هاوڕێکانی لە کەمپینی بایکۆتکردنی کاڵا و شمەکی تورکی

گرنگە ژنان بەشدار بن لەمجۆرە کەمپین و کارانە

تەرزە محەمەد، تەمەنی ٢٤ ساڵە و پیشەی مامۆستایە، ئەندامێکی کارای گروپی بایکۆتکردنی کاڵا و شتومەکی تورکیە لە گەرمیان. لە دیدارێکی (نەوژین) دا، باس لە هۆکاری بەشدارییکردنی لەم گروپە و ئامانجەکانیان دەکات.

* ئەم گروپەی کە راتان گەیاندوە، ئامانجتان چیە بە دیاریکراوی؟

ئەم گروپەی ئێمە لە سەروبەندی ئەوە رامان گەیاندوە کە بە شێکی نیشتمانەکەمان لەجەنگێکی خراپدایە لەگەڵ یەکێک لەزلهێزترین هێزەکانی جیهان کە دەوڵەتی تورکیایە، ئەمەش وایکرد گروپێکی لەو شێوەیە رابگەیەنین و هاوڵاتیان هۆشیاربکەینەوە و ئەو پەیامە بگەیەنین کە بەرگری کردن لە نیشتمان تەنها بە چەک ناکرێت، بەڵکو هەریەکێک لە ئێمە دەتوانین بەرگری بکەین بە رێگایەکی مەدەنی و بێ ئەوەی هیچ بارگرانیەک بخەنە سەرشانی خۆیان، ئەویش لە رێگای بایکۆت کردنی کاڵا و شتومەکی تورکی و سەردانی نەکردنی تورکیا لەلایەن گەشتیارانەوە.

* چی وایلێکردی بەتەنها وەک کچێک بێیتە ئەم گروپەوە؟

بە ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیم زانیوە کە بەشداری ئەم گروپە بکەم و ئەو کۆت و بەندە تێکبشێنم کە پێیانوایە کچان ناتوانن هیچ کارێک بکەن یان توانایەکی ئەوتۆیان نەبێت تەنها لە ماڵەوە دانیشن و خۆیان بێبەش بکەن لە ئەنجامدانی کاری رێکخراوەی و سیاسی و نیشتمانی وەک رەگەزی بەرامبەر، بۆیە بڕیارم دا بەشداربم لەم گروپەدا.

* چی پەیامێکت هەیە بۆ ژنانی گەرمیان لە بارەی بەشداری کردنیان لەم جۆرە گروپ و کەمپینانەدا؟

داوا لەهەمو ئەو کەسانە دەکەم کە رەگەزی مێن، بەربەستەکان تێکبشکێنن و بە شداری ئەم جۆرە کارانە ببن و بونی خۆیان بسەلمێنن وەک مرۆڤێکی خاوەن بڕیار، لەوە تێبگەن کەئەرکی مێژوییان لەسەر شانە، هەروەها مافەکانیشیان بە هەوڵ و توانای خۆیان وەردەگیرێت نەک چاوەڕێی رەگەزی بەرامبەر بکەن داوای مافەکانیان بۆ بکەن، یاخود هەندێک رێکخراوی ژنان کە حیزب ئاراستەیان دەکات کە لە چارەکە سەدەی رابردودا نەیانتوانیوە بە لایەنی کەم شاڵاوی ژنکوژی لەباشور کۆتایی پێبنێن.

* بەشداریکردن لەمجۆرە گروپانە دەکرێت ببێتە مایەی ئەوەی ژنان زیاتر لە پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان دا رۆڵ ببینن؟

بێگومان نەک لە سیاسەت، بەڵکو پێموایە ئەمجۆرە کارانە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ژنان بێنە ناو پرسە نیشتمانیەکانیشەوە، بەڵام رەنگە کاتێکی زۆری بوێت تاوەکو ئەمجۆرە چالاکی و هەڵوێستانە بە تەواوی لەناو ژناندا بڵاو ببنەوە، چونکە ئەم بابەتە پێویستی بە دوبارە پەروەردە کردن هەیە لە فێرگەکان کە رەگەزی مێ وەک مرۆڤ خۆی ببینێت و وەک مرۆڤ لێی بڕوانرێت.

* رۆڵی کچان و بەشداریکردنیان لەم گروپانەدا چەند بە گرنگ دەزانیت؟

بەدڵنیاییەوە گرنگە کچان و ژنان بەشدار بن لەمجۆرە کەمپین و ئەو کارانەی کە لە شێوەی گروپدا دەکرێت کاریگەری خۆی دەبێت، چونکە کارەکان مەیدانیە و دەتوانێت ئەو پەیامەی هەیەتی بەئاسان تر لە ژنان و کچانی تری بگەیەنێت.

* لەم گروپەی کە هەتانە چۆن پەیامەکەتان بەهاوڵاتیان دەگەیەنن؟

هەوڵدەدەین لە رێگای ریکلام کردن و سەردانیکردنی ماڵان و هەروەها لە رێگای گفتوگۆ کردنی کراوە و سیمینارەوە چ لەگەڵ هاوڵاتیان چ لەگەڵ بازرگانەکانی شار، پێیان بڵێن کە کاڵای تورکی نەکڕن و نەیهێنن بۆ باشوری کوردستان، بەڵکو پشت بەوڵاتانی تر ببەستن بۆهێنانی کاڵا.

* پێتانوایە دروستبونی ئەم جۆرە گروپانە کاریگەری دەبێت لەسەر وڵاتان بە تایبەت تورکیا لە روی ئابورییەوە؟

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئابوری تورکیا، چونکە قەبارەی بازرگانیان لەگەڵ هەرێم زۆرە، هەر وڵاتێکیش ئابوری شکست بهێنی سەرەتای شکستی حکومڕانیەکەیەتی، لەبەر ئەوەی ساغ نەبونەوەی کاڵاکان واتا لەدەست دانی متمانەی بازاڕ، کە دواجار دەبێتە هۆی داخستنی کارگەکانیان یاخود کەمبونەوەی بەرهەمیان و بڵاوبونەوەی بێکاری.

# بۆ ئەوەی لە یادمان نەچێت: لە نوگرە سەلمان چی رویدا؟

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**مۆڵێکی پڕ لە ژن و منال لە بیابانێکی کاکی بە کاکی، لەنێو ناڵە و شیوەن و گریان و لە ژێر رەحمەتی کەسانێک کە گەردێک میهرەبانیان لە دڵ دا نەبوە. باسی نوگرە سەلمان دەکەین، ئەو قەڵایەی ژنانی ئەنفالکراوی تێدا بەند بو.**



هەمو شەوێک خەو بە مناڵەکانمەوە دەبینم

لە پرۆسەی ئەنفالدا کە لە ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێکرد و ساڵی دواتر کۆتایی پێهات، بە دەیان هەزار مرۆڤی کورد لە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستانەوە، روبەڕوی هەڵمەتێکی گواستنەوە و کۆکردنەوە لە کۆمەڵگای زۆرەملێ و پاشان کوشتن و زیندەبەچاڵکردن بونەوە، بەشێکی بەرچاوی ئەو قوربانیانەش، لە ناوچەی گەرمیانەوە بون، کە زۆرینەیان لە ژن و منالْ پێکهاتبون.

ژنانێک کە لەو هەڵمەتە رەشەدا رزگاریان بوە، تائێستا و پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەسەر تاوانەکەدا، بە ناسۆر و خەمەوە لا لەو رۆژانە دەکەنەوە.

گەلاوێژ محەمەد سدیق، ٥٠ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە کەلارە، لەگەڵ دایکی و دو برا و خوشکێکی دا بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون. باسی لە مانەوەیان لە نوگرە سەلمان دەکرد و وتی: لە هۆڵێکی داخراودا بوین، رۆژانە سەعاتێک دەکراینە دەرەوە و دەبراین بۆ سەحرایەک کە چواردەوری تەلڕێژ کرا بو، شەوانە تا بەیانی دەرگای زیندانەکە داخرا بو، ئەگەر هەمویشمان بمردینایە نەیان دەکردەوە.

باسی لەوەش کرد ژنان سەرەتا کە دەستگیر دەکران، حەپێکیان پێ دەدرا کە رێگر بوە لە چالاکبونی سوڕی مانگانە و دەیوەستاند.

گەلاوێژ، ئەوکات تەمەنی ١٩ساڵ بوە، بەو تەمەنە کەمەیەوە ئەو هەمو ئازار و ناخۆشیەی چەشتوە، وتی: «هەرگیز ئەو رۆژە ناخۆشانە لەبیر ناکەم کە خەون و ئاواتی من و خوشک و براکانمی لەناو برد».

نوگرە سەلمان، ئەو شوێنەی ئەنفالکراوانی تێدا ئاخنرابو، یەکێکە لە کۆنترین بەندینخانەکانی عێراق و لە بیابانێکی پارێزگای (موسەنا) لە نزیک بە سنوری سعودیە دروستکراوە.

لەو بەندینخانەیەدا، ژنان و منالانی ئەنفالکراو، جۆرەها ئازاری جەستەیی و دەرونی دەدران و بێبەش دەکران لە خواردن و خواردنەوە.

«ئازاری دەرونی زۆر دەدراین، منالْ نان نەبو بیخوات، هەموکات مردو لە لاماندا بو، کاتێک ئاومان دەهێنا تا بیخۆینەوە، (حەجاج) بەسۆندە لێی دەداین».

(حەنوشە حسێن) وای دەوت.

ئەو ژنێکی تەمەن ٧٠ ساڵە، خەڵکی گوندی فەتاح ئۆمەری سەر بە ناحیەی سەرقەڵایە و بە رەگەز عەرەبە، هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕە کوردێک دا کردوە و وەک هەمو دانیشتوانی گوندەکەی، بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوە.

(حەنوشە) لەپێش هەڵمەتەکە دوگیان بوە و لە زیندانی نوگرە سەلمان منالەکەی بوە، ئەویش ناوی لێ دەنێت (دیلان) لە ئاماژەیەکدا بۆ دیلێتی خۆیان، لەبەر نەبونی جلوبەرگیش ناچار جلی مردوی لەبەری منالەکەی کردوە.

وتی: زۆربەیجار دەیان کرد بەقژمان دا و جنێویان پێ ئەداین و سوکایەتیان پێ دەکردین، دواجار پاش هەشت مانگ زیندانیی، ئازاد کراین.

ژنانی ئەنفال ئەگەر خۆیان رزگاریان بوبێت، ئەوا بەشێکی زۆری خێزانەکانیان لەدەستداوە، دوای ئەو هەمو ساڵەش، هێشتا چاو لە رێن بۆ هاتنەوەی رۆڵەکانیان.

زەینەب نادر خدر، ٩٨ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە کەلارە، ١٤ ئەندامی خێزانەکەی لە کوڕ و کچ و نەوەکانی ئەنفال کراون، بەڵام هەر چاوەڕێی گەڕانەوەیانە.

بۆ (نەوژین) وتی: «لەزیندان مناڵەکانمیان لێ جیا کردمەوە، ئێستا دڵنیا نیم ئایا فرۆشراون یان ئەنفال کراون، بەڵام هەمو شەوێک خەونیان پێوە دەبینم، لەخەونمدا دەگەڕێنەوە نێو باوەشم».

## لێپرسراوی نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە کەلار:

# ناتوانین کەیسی توندوتیژی دژ بە ژنان لە دەرەوەی خێزان ببینین



ياسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی کۆمەڵێک کەموکورتی تێدایە

تاوەکو کرانەوەی کۆمەڵگا زیاتر بێت سکاڵاکردن زیاتر دەبێت

■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**لێپرسراوی نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لەکەلار ئەوە ئاشکرا دەکات، بەهۆی کۆمەڵێک کەموکورتی لە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی نوسینگەکانی توندوتیژی خێزانی، ناتوانن ئەو کەیسانەی ژنان ببین کە لەدەرەوەی خێزانەکانیان روبەڕوی توندوتیژی و دەستدرێژی دەبنەوە.**

رائید (فریاد هیدایەت)، لێپرسراوی نوسینگەی بەرەنگاربونەی توندوتیژی خێزانی لە کەلار و وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەی توندوتیژی خێزانی لە گەرمیان، لە دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا، باس لە هۆکاری گۆڕانکاری لە کاری بەڕێوبەرایەتی و نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دەکات و لایەنە نەرێنیەکانی دەخاتەڕو، هەر لە دیدارەکەدا تیشک خراوەتە سەر گۆڕانی بارودۆخی ژنان لە گەرمیان بە تایبەت ئەو لایەنەی کە هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لە سنورەکە لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵ تۆمار نەکراوە.

* سەرەتا کە نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دەست بەکاربون بەرگری تەواویان لە ژنان دەکرد، بەڵام دوترێت ئێستا کاری نوسینگەکانی توندوتیژی گۆڕاوە و کار بۆ خێزان بەگشتی دەکات؟

لە هەرێمی کوردستان دا ساڵی (٢٠٠٧) کە ئەم بەڕێوبەرایەتیانە دروست بو کارەکانی بەدوداچون بو بۆ کێشەکانی تایبەت بە ژنان، دواتر کە یاسای بەرەنگاربونەی توندوتیژی خێزانی بەرقەرار بو ناوی بەڕێوبەرایەتیەکان گۆڕا بە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ئەوکات دەبوایە کارمان بۆ ئافرەتان بکردایە و لێکۆڵینەوەمان بۆ کێشەکانیان بکرادیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پێی یاساکە لە پارێزگاکان دادگایەکی تایبەت دروست کرا بەکێشەکانی خێزان، لە گەرمیانیش ئەم دادگایە هەیە، کارەکان دوبارە گۆڕانی بەسەردا هات، بەشێوەیەک ئەو دادگانە هاتن بە پێی یاساکە دەستیان بە کارکردن کرد ئەو دەسەڵاتەیان لە ئێمە وەرگرتەوە.

* ناوی بەڕێوبەرایتیەکەتان بەرەنگاربونەی توندویژی دژی ئافرەتان و خێزانە، بەڵام دەڵێن کارەکەمان تەنها لە چوارچێوەی خێزانە؟ ئەمە بۆچی؟
مەبەست لەم ناوە ئەوەیە ئەو کێشانەی روبەڕی خێزان دەبنەوە چ پیاو بێت یاخود ئافرەت ئێمە کاری لەسەر ئەکەین، لەبەر ناوەکەشی بە بەردەوامی ئەو ئافرەتانەی دێنە لای ئێمە و لە دەرەوەی خێزان توندوتیژیان بەرامبەر کراوە کەپێیان دەڵێن کەیسەکەت لێرە وەرناگیرێت ئەو پرسیارەدەکەن کە بۆچی ناوی ئافرەت لەگەڵ بەرێوبەرایەتیەکەتانە؟!

* کەواتە لێرەدا بۆ ناوی ژن جیاکراوەتە لە کێشەکانی خێزان؟
بۆ ئەم لایەنە گرفت لە یاساکەدایە بەوەی مەدام ناوی ئافرەت هاتوە، دەبوایە کێشەکانی ئەو ئافرەتانەش کە لە دەرەوەی خێزان توندوتیژی و دەستدێژیان دەکرێتە سەر سکاڵاکانیان لە بەڕێوبەرایەتیەکانی ئێمە وەربگیریایەن.

* کەواتە ئێوە بەهیچ شێوەیەک سکاڵای ئەو ئافرەتانە وەرناگرن کە لە دەرەوەی خێزانەکانیان روبەڕوی دەستدرێژی و توندوتیژی دەبنەوە؟
بە پێی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی نەخێر ناتوانین ئەو کەیسانە ببینین، تەنها لە حاڵەتی فریاکەوتن نەبێت یاخود حاڵەتێکی تایبەت ئەویش دواتر دۆسیەکەی رەوانە دەکەین و لای ئێمە نامێنێتەوە.

* ئەگەر وایە ئەو ئافرەتانە چۆن دەتوانن سکاڵا بکەن و لایەنی پارێزگاری کردن لێیان کێیە؟
دەبێت ئەو ئافرەتانەی لە دەرەوەی خێزان توندوتیژیان روبەڕو دەبێتە لە بنکەکانی پۆلیس سکاڵا بکەن، ئەگەریش بێنە لای ئێمە سکاڵا بکەن دواجار دادگا بڕیار دەدات بە رەوانەکردنی دۆسیەکانیان بۆ دادگای لێکۆڵینەوە لەوێشەوە بۆ بنکەکانی پۆلیس.

* کاریگەریە نەرێنیەکانی ئەم گۆرانکاریانە چیە؟
ئەمە گاریگەری نەرێنی زۆری هەیە لەسەر کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان، چونکە ئافرەتێک پێی خۆش نیە دۆسیەکەی بچێتە بنکەی پۆلیس و دادگای گشتی، زۆر جار بەم هۆیە سکاڵا تۆمار ناکات.

* ئەمە گەیەنەری ئەوەنیە یاساکە پێویستی بە هەمواركردنەوەیە؟
یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە ساڵی ٢٠١١ لە پەرلەمان دەرچو، بەڵام کۆمەڵێک کەموکورتی تێدایە کەجێگەی سەرنجە، لەبەر ئەوەی ئەگەر یاساکە تایبەت بە خێزان بێت ئەوا نابێت کێشەکانی ژنان وەربگرێت، هەروەها ئەگەر یاساکە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانە، دەبێت دۆسیەکانی توندوتیژی دژی ئافرەت لە دەرەوەی خێزانیش وەبگرین، بۆیە پێویستە گۆڕانکاری لە یاسەکەدا بکرێت.

* هەوڵەکانی ئێوە چیە بۆ ئەوەی دوبارە بتوانن وەک هاوکارێک بن بۆ ئەو ژنانەی کە روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە لە دەرەوەی خێزانەکانیان؟
داواکاری خۆمانمان گەیاندوەتە لایەنی پەیوەندیدار، هەوڵێکیش هەیە بۆ ئەوەی دوبارە بتوانین ئەو ئافرەتانەی روبەڕوی توندوتیژی لە ناوخێزانەکانیان یان دەرەوەی خێزانەکانیان دەبنەوە دۆسیەکانیان بێتەوە لای ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین پاڵپشتێکی باش بین بۆ ئافرەتان، لەبەر ئەوەی کارمەندەکانی ئێمە پسپۆڕی تایبەتیان هەیە لە بەدواداچون بۆ کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان، هەروەها لێکۆڵەرەکان و پۆلیسەکان لە رەگەزی مێن کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی دیکەی ترە.

* لە قسەکانت ئاماژەت بەوەکرد تەنها دەتوانن کار لەو کەیسانەدا بکەن کە لە چوارچێوەی خێزاندایە، ئەگەر ئافرەتێک توندوتیژی بەرامبەر بکرێت تاوەکو کەسی پلە چەند کەیسەکەی بەخێزانی دادەنرێت؟
تاوەکو کەسی پلەی چواری خێزانی ئافرەت توندوتیژی بەرامبەر بکات لای ئێمە دۆسیەکەی ئەبینرێت و کاری بۆ دەکرێت، بۆ پیاویش بە هەمان شێوەیە کاتێک سکاڵایەکی خێزانی دێننە نوسینگەکانمان.

* بە پێی ئەو ئامارانەی کە بڵاوتان کردوەتەوە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لە گەرمیان تۆمار نەکراوە، ئەمە ئەو پرسیارە دروست دەکات کە هۆکار گۆڕانی بارودۆخی ژنانە یاخود تەنها ئامارێکە و رێکەوتە؟
لەم بابەتەدا وادەڕاوانین لە کوردستان و بەتایبەت لە گەرمیاندا خەڵک گەشتوەتە ئەو قۆناغەی کە کێشەکانی بە گفتوگۆ یاخود پەنابردنە بەر یاسا چارەسەربکات، هەربۆیە ئەوەی تێبینیمان کردوە ساڵ بەساڵ ئەو رێژەیە کەم دەبێتەوە.

* بۆ حاڵەتەکانی سکاڵاکردن بەگشتی گۆرانکاریەکان چیمان پێدەڵێن؟
تاوەکو کرانەوەی کۆمەڵگا زیاتربێت سکاڵاکردن زیاتر دەبێت، هەربۆیە بە پێی ئامارەکانی بەردەستی ئێمە سکاڵاکان زیادی کردوە و جۆری سکاڵاکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بەوەی ئێستا ئافرەت هەیە دێتە نوسینگەکانمان لەگەرمیان، بۆ نمونە دەڵێت: براکانم لە میرات بێ بەشیان کردوم کە ئەمە لەپێشوتر ئافرەت بۆ ئەم بابەتانە پەنای نەدەهێنایە دادگا، ئێستاش زۆر ئافرەت هەیە لە میرات بێبەش کراوە و سکاڵاش ناکات، بەڵام رۆژ بە رۆژ ئافرەتان زیاتر ئاشنای مافەکانی خۆیان دەبن و بە سکاڵاکردن ناهێڵن مافیان پێشێلبکرێت.

**بەراوردی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵ ساڵی ٢٠١٩ بە پێی شیوازی روداو**



## گوڵاڵە عەبدولعەزیز پاڕەزانیی:

# پێویستە ژنیش وەک پیاو کاری سیاسی بکات

■ نەوژین، شۆخان محەمەدساڵەح

**گوڵاڵە عەبدولعەزیز پاڕەزانیی، کارگێڕی مەڵبەندی چواری یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەگەرمیان، پێیوایە سیاسەتکردن بۆ ژن لە گەرمیاندا سەختە، سەرباری ئەوەش ژنان توانیویانە ئەو سەختی و لەمپەرانە تێپەڕێنن، ڕەدیشی دەکاتەوە ئیسلام مافی کارکردن لە بواری سیاسەت دا لە ژن بسێنێتەوە.**

ئەو ماوەی ٢٥ ساڵە کاری حیزبی دەکات، (نەوژین) بۆ ئاگاداربون لە بۆچونەکانی لەبارەی ژن و سیاسەت، ئەم دیدارەی لەگەڵ سازدا.

* تاچەند سەختە حزبایەتیکردن بۆ ژن لە گەرمیان؟

بەحوکمی ئەوەی گەرمیان تاڕادەیەک کلتوری کۆمەڵایەتی ئەو شتانەی عەیبەی زۆریان لەسەرە بەسەریدا زاڵە، هەروەک چونکە ناوچەیەکی پەراوێز خراو و دورەدەستە، بۆ ژنان عەیبە بوە بەشداری سیاسەت بکەن و رای خۆیان هەبێت، بەڵام دوای ڕاپەڕین کە حیزبەکان هاتنە کایەی سیاسیەوە، ژنیش هاتە پێشەوە و هەوڵی دا بێتە ناو کاری سیاسیەوە، بێگومان سەرەتای بۆ ژن سەخت بو، بەڵام هەر کارێک سەخت و دژواریش بێت ئەگەر ئیرادە و ویستت هەبێت و بەئەنجامەوە بڕۆیتە ناویەوە، هەمو بەربەستەکان دەبڕیت. بەگشتی ژنان لەگەرمیاندا ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندوە.

* پێتوایە کارکردنی ژن لە بواری حزبایەتی دا لە گەرمیان سەختر بێت لەچاو ناوچەکانی تر؟

* سیاسەت کردن لەگەرمیاندا قورس و سەختە، بەڵام ژنان خۆیان توانیویانە ئەو سەختی و لەمپەرانە تێپەڕێنن.

* ژنانی سیاسی لەگەرمیان تاچەند لەئاستی پێویستدان لەڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە؟

لە ئاستی ویستی مندا نیە، ڕێژەی ئەو ئافرەتانە کەمە کەخۆیان لەکاری سیاسی دەدەن، هەڵپەیان نیە و بە کەم ڕازین. بەگشتی لەگەرمیاندا ژنان کەمتر نزیک بەکاری سیاسی دەبن، بۆنمونە لەشارەکانی تر ژن دەبێتە وەزیر و بەڕێوبەری گشتی و پەرلەمانتار، بەڵام لێرە ئەمە نابینرێت، ئەگەر هەشبێت زۆر کەم و دەگمەنە و بەهەوڵ و چاونەترسیی خۆی بوە، لەکاتێکدا ژنانی گەرمیان وەک ژنانی ناوچەکانی تر ڕۆشنبیر و تێگەشتون.

* یەکێک لە پاساوەکان بۆ کارنەکردنی ژن لە سیاسەت دا، ئەوەیە کە پێیانوایە سیاسەت کاری ژن نیە؟

ئەو کەسانەی وادەڵێن بە هەڵە لەژن تێگەشتون، چونکە کاتێک خودای گەورە ژن و پیاوی دروست کردوە، هەردوکیان تەواوکەری ژیانن، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تر نابێت و تەوەرەی ئەم ژیانە بەهەردوکیان دەچێتە پێشەوە. سیاسەتیش بەشێکە لەژیانی ئەم سەردەمە، بۆیە ژنیش پێویستە وەک پیاو کاری سیاسی بکات، چونکە هەمو پایەکانی ژیان بەژن و پیاوەوە بەڕێوەدەچێت.

* هەندێک ئاین وەکو بەربەست دەبینن لەوەی ژن کار لە کایەی سیاسەت دا نەکات، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟

ئەمەش هەڵەیەکی زەقی ترە، من خۆم ئاین هۆکار بوە بۆ ئەوەی کاری سیاسی بکەم، چونکە خودای گەورە دەفەرمێت: « وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ»، واتا ژنان و پیاوان پاڵپشتن بۆ یەکتر بۆ ئەوەی شتە خراپەکان وەلابنێن و شتە باشەکان بهێننە ناو کۆمەڵگەکە. بۆیە خودای گەورە هۆکار و پاڵپشتە بۆئەوەی ژنان و پیاوانی موسوڵمان هاوکاربن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، چونکە ئەمەش بەشێکە لەسیاسەت.

* واتا لە ئیسلام دا ڕێگە بەم کارە دراوە؟

لەقورئانی پیرۆزدا باسی ئافرەتانمان بۆ دەکات وەک (بەلقیس)، دایکی (عیسا) و هەروەها باسی (ئاسیا)مان بۆ دەکات کەچۆن روبەڕوی فیرعەون بونەتەوە. لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەهەر کار و غەزایەکدا ئافرەتی لەگەڵ خۆی بردوە بۆ ئەوەی پرس و ڕاوێژی پێ بکات، وەک ئەوەی جارێکیان (ئوم سەلەمە)ی لەگەڵ خۆی برد بۆ فەتحی مەککە، کە پێغەمبەری خودا بەخەمباری هاتەوە نێو خێوەتەکەی، ئوم سەلەمە وتی: چیە؟ فەرموی: گوێم لێناگرن، وتی: هەستە برۆ گوێی پێمەدە و واجیباتەکان بکە، پاشان سەحابیەکان هاتن و دوای کەوتن.

* کارکردن لەناو حزبە ئیسلامیەکان دا بۆ ژن چۆنە؟

ئێمە لەناو حیزبێکی ئیسلامی داین، زۆرێک لە سەرکردەکانی مەڵبەند و ئاستە باڵاکان ئافرەتن، کاتێک کەسێک بۆ پۆستێک دیاری دەکەین لێهاتویی دەخوێنینەوە نەک ژن و پیاویی، جاری واهەیە ژنەکە لەپیاوە کاندیدەکە زیاتر دەنگ دەهێنێت.



# پارلەمانتارانی ژن لەگەرمیان: سفر و یەک



■ نەوژین

**سفر و یەک، ئەو ژمارەیەیە کە ژنانی گەرمیان نەیانتوانیوە لە نوێنەرایەتیکردنیان دا لە پارلەمانی کوردستان دا تێیپەڕێنن.**

لەماوەی ٢٧ ساڵی کاری پارلەمانتاری دا لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەم دەزگایە، هەڵکشانی پێبەپێی بەشداریی ژنان بوە تیای دا، بەشێوەیەک ژمارەی پارلەمانتارانی ژن لە پەنجەکانی دەستەوە هەڵکشاوە بۆ چارەک و پاشان زیاتری پارلەمانەکە.

پارلەمانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا دروستبوە و ئەوکات ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق بوە، تائێستا ٥ خولی بەخۆیەوە بینیوە، خولەکانیش لە ساڵانی: (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩، ٢٠١٣ و ٢٠١٨) بون. وەک دەبینرێت لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٥ کە دەکاتە ١٣ ساڵ، ئەو پارلەمانە هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجام نەداوەتەوە، ئەویش بەکاریگەریی شەڕی ناوخۆوە.

بەگشتی و وەک زۆر کایەی تر، پارلەمانی کوردستان لە دەستپێکی دا ژمارەی پارلەمانتارانی ژنی زۆر کەم و سنوردار بوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە خولەکانی داهاتودا هەڵکشاوە، ئەویش بەکاریگەریی ئەو پەیڕەوە تازەیەی کە بۆ پارلەمان و هەڵبژاردنی پارلەمان پەسەند کران، بەوەی ڕێژە و ژمارەی کورسیەکانی ژنانی بە ٣٠٪ی کۆی کورسیەکانی پارلەمان جێگیر کرد.

> ڕێژەی پارلەمانتارانی ژن پێبەپێ زیادیان کردوە

> لە ٥ خولی پارلەمان، تەنها ٣ ژن لە گەرمیانەوە هەڵبژێردراون

ئەوەی پەیوەندی بە نوێنەرایەتیکردنی ژنانی گەرمیانەوە بێت لەو ئەنجومەنەدا، ئەوا ڕێژەکە لە سفر و یەک تێناپەڕێت، چونکە لە خولەکانی ٢٧ ساڵەی تەمەنی پارلەمان دا، بەشداریی ژنانی گەرمیان یان نەبوە، یان بە یەک پارلەمانتار بوە.

لە یەکەم خول دا لە ساڵی ١٩٩٢، بەگشتی ڕێژەی ژنان کەم بوە و نەگەشتوەتە ١٠٪ی ئەنجومەنەکە، لەو نێوەندەشدا ژمارەی پارلەمانتارانی ژنی گەرمیان سفر بوە و هیچ نوێنەرێکیان نەبوە، لە کاتێکدا هەر لەو خولەدا پیاوێک دەبێتە سەرۆکی پارلەمان کە خەڵکی گەرمیانە.

لە خولی دوەم دا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، لەکۆی زیاتر لە ٢٦ پارلەمانتاری ژن، تەنیا یەک دانەیان خەڵکی گەرمیان دەبێت.

لە خولی سێیەم دا لە ساڵی ٢٠٠٩، ژمارەی پارلەمانتارانی ژن هەڵدەکشێن بۆ سەروی ٣٥ پارلەمانتار، بەڵام ڕێژەکە بۆ ژنانی گەرمیان هەر وەک خولی پێشو دەبێت و تەنها یەک نوێنەری ژنی ئەو پارلەمانە گەرمیانی دەبێت.

هەرچی خولی چوارەمیشە لە ساڵی ٢٠١٣، جارێکی دیکە ژنانی گەرمیان بێ نوێنەر دەمێننەوە و لەکۆی زیاتر لە ٣٠ پارلەمانتار، هیچ پارلەمانتارێکی ژنی گەرمیان بونی نابێت.

لەدوایین خولیش دا کە خولی پێنجەمە، گەرمیان یەک نوێنەری ژنی هەیە، ئەگەرچی دو پارلەمانتاری دیکەشی هەن کە لە سنورەکەدا هاتونەتە دونیاوە، بەڵام لەسەر ناوچەی دیکە خۆیان بۆ ئەو ئەنجومەنە کاندید کردوە.

بەگشتی وەکو خستمانەڕو، لە پێنج خولی پارلەمانی کوردستان دا، تەنها ٣ پارلەمانتاری ژن لە گەرمیانەوە هەڵبژێردراون، لەکاتێکدا هاوتاکانیان لە پیاوان زۆر زیاتر بوە.

ئەگەر هۆکاری ئەم حاڵەتە نەبونی کاندیدی بەهێزی ژن بێت یاخود نەبونی پاڵپشتی و گرنگیپێدانی پێویست لەلایەن حزبەکانەوە بە کادیر و کاندیدە ژنەکانی پارلەمانی کوردستان، هیچ لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە بەشداریی ژنانی گەرمیانیش لەکایەی سیاسی دا، ئەگەر نەڵێین لاوازە، ئەوا لانیکەم کارا نیە و ئەم بوارەش یەکێکە لەو بوارانەی کە پێویستیی بە کارلەسەر کردنی جیدیی و بەرهەمدار تر هەیە.

# ژنان دەتوانن هەم کار بکەن و هەم دایکایەتی



■ نەوژین، ئالا عادل

**زۆرجار دەوترێت ئەو ژنانەی کاری دەرەوە دەکەن ناتوانن بە باشی کاری ماڵ ئەنجامبدەن و لایەنی دوەم فەرامۆش دەکەن، بەڵام ئەو ژنانەی لەدەرەوە کار دەکەن، ئەم بۆچونەیان ئاوەژو کردوەتەوە.**

لەئێستادا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن کە جگە لە سودی مادی مەبەستێکی دیکەیان سەلماندنی تواناى خۆیانە لە کۆمەڵگادا، کە پێشتر کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ بە شەرم و عەیبە ناوبراوە.

بەشێکی ئەو ژنانەی کاردەکەن، کارکردنەکەیان نەبوەتە رێگر لەبەردەم ئەوەی منداڵەکانیان بە باشی پەروەردە بکەن و گرنگییان پێبدەن، ئەمەش هانیداون بۆ بەردەوام بون لەسەر کارەکەیان.

دەریا حەیدەر، ٣٢ ساڵ، پیشەی فەرمانبەرە، باس لەوەدەکات لەکاتژمێر ٨ی بەیانیەوە تاوەکو کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ دەوام دەکات و منداڵەکانیشی دەوامی خوێندنگا دەکەن، تەواوی کاتی دوای نیوەڕۆ و شەوانی بۆ خێزانەکەی و کاری ماڵەوە تەرخانکردوە، «گەرخۆت بە ژیرانە باڵانسی هەمو شتێک رابگری، لەپاڵ دەوام کاتیش هەیە بۆ خۆشەویستی دەربڕین بۆ منداڵ و ئەنجامدانی کاری ماڵەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا زۆربەی ئەو دایکانەی لەدەرەوە کار دەکەن کەسێک هەیە لەماڵەوە یارمەتیدەریانبێت لەپەروەردە کردنی منداڵەکەیدا؟ لەیلا عەباس، ٢٨ ساڵ، کە پیشەی مامۆستایە، دەڵێت: «راستە دەوام کردن هیلاکی زۆرە، بەڵام بێخەمم، چونکە دایکی مێردەکەم منداڵەکەم بۆ دەگرێت».

بەشێک لە دایکان پێیانوایە کاتەکانیان بەباشی رێکخستوە و کاتیان بۆ دەوام و خێزان و منداڵیش داناوە، بەڵام هەشە پێیوایە کارکردنی لەدەرەوە کارێکی ناچارییە و بوەتە هۆی دورکەوتنەوەی لەمنداڵەکانی و ساردبونەوەی خێزانەکەیان.

جوانە ئەحمەد، ٣٥ ساڵ، پیشەی یاریدەدەری پزیشکە، وتی: رەنگە ئیشێکی باشم هەبێت، بەڵام زۆر ئاسودە نیم، چونکە منداڵەکەم پەروەردەی دەستی خۆم نیە و تەواوی رۆژ لەیەک دورین، شەوانیش بەهۆی ماندوبونەوە ناتوانم بەشی پێویست گرنگیی پێبدەم. ئەو خۆیشی بە کەمتەرخەم دەزانێت و دەڵێت: بەهۆی ئیشەکەمەوە نەمتوانیوە وەک دایکێک گرنگی تەواو بە منداڵەکەم بدەم و کاتی پێبدەم.

بەڵام بەشێکی ئەو ژنانەی لەدەرەوە کار دەکەن، توانیویانە لەگەڵ هاوسەرەکانیان دا گونجاندنێک دروست بکەن، بەشێوەیەک بتوانن کات و گرنگیی تەواو بە منداڵەکانیان بدەن، لەمەشدا پیاوان رۆڵی بەرچاویان دەبێت.

سۆران فەرهاد، ٣٥ ساڵ، دەڵێت: «خۆم و خێزانم مامۆستاین، خۆشبەختانە دەوامامان پێچەوانەی یەکترە، ئەوکاتەی ئەو لەدەوامە من منداڵەکان پەروەردە دەکەم، کاتێک خێزانم دەگەڕێتەوە ماڵەوە من دەڕۆم، هیچ کێشەیەکمان نیە لەگەڵ دەوامکردنی و پەروەردەکردنی منداڵەکانمان».

لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەدا، پسپۆڕێکی دەرونیی پێیوایە ژن و پیاو دەتوانن وەک یەک کار بکەن و گرنگییش بە خێزان و منداڵەکانیان بدەن.

ڤیان یەدوڵلا، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات، کارکردنی ژن لە دەرەوە فشارێکی زۆر لەسەر دەرونی دروست دەکات، بۆیە لەپاش کارکردن پێویستە پشو بدات.

رونیدەکاتەوە: «ژن کە لە کار دەگەڕێتەوە ماندوە و پێویستی بە پشودانە، چونکە هیلاکی وا لە مرۆڤ دەکات تواناکانی کەم بێتەوە، بەڵام ئەگەر بەجوانی کاتەکان دابەشکەن، دەتوانن لەپاڵ ئیشکردن دا دایکایەتیش بکەن».

(ڤیان) دژی ئەو بۆچونەیە کە پێیوایە ژنان لەبەر منداڵەکانیان واز لە کار و پیشەی خۆیان بێنن، دەڵێت: «ژن هیچی لە پیاو کەمتر نیە، بۆچی پیاوان ئەتوانن کاربکەن و باوکیش بن، ژنیش بەهەمان شێوە دەتوانێت هەم کار بکات و هەم دایکایەتی».

# ژنان کارکردنیان لە کەرتی حکومی پێخۆشترە

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«ماوەی ١٥ رۆژ لە کۆمپانیایەک کارم کرد، بەڵام کۆمپانیاکە داخرا، بەو هۆیە منیش بێکار بوم، بۆیە بڕیارم داوە ئەگەرلە کەرتی حکومی نەبێت چی تر کارنەکەم». (شیلان) وای وت.**

ژنان لە کەرتی تایبەت دا گەرەنتی سەلامەتیان کەمترە

خێزانەکان ڕێگە بە کچەکانیان نادەن لە کەرتی تایبەت کاربکەن



سەرەڕای ئیش کردنیان لە هەردو کەرتی حکومی و تایبەت دا، بەڵام ژنان زۆرتر کارکردنیان لە کەرتی حکومیی یان گشتی پێخۆشترە، ئەوەش گرێدەدەنەوە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە.

بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، لە سەر ئاستی هەرێم رێژەی ئیش کردنی ژنان لە کەرتی تایبەت ٨٪ و نێر ٩٢٪ە، بەڵام لە کەرتی حکومی ٢٤٪ی فەرمانبەرەکانی لە رەگەزی مێن و ٧٦٪ی لە رەگەزی نێر.

ئەم ئامارە دەیسەلمێنێت ئیشکردنی ژنان لە کەرتی حکومی، چوار ئەوەندەی کەرتی تایبەت زیاترە.

شیلان سابیر، ٢٦ ساڵ، ماوەی ٥ ساڵە خوێندنی تەواو کردوە، بەڵام دانەمەزراوە، بۆیە هەوڵی کارکردن دەدات لە کۆمپانیایەک، بەڵام بەهۆی داخستنی کۆمپانیاکە ناچاربو واز لە ئیشەکەی بهێنێ.

بۆ (نەوژین) وتی: چیتر ناڕۆمەوە بۆ کارکردن و گەڕان بە دوای کار دا لە کەرتی تایبەت، چونکە هیچ مەرجێکی تیا نیە کە گەرەنتی دانەخستنی شوێنەکە و سەلامەتی گیانم بکرێت، هەوڵ دەدەم لە کەرتی حکومی شوێنێک بدۆزمەوە، ئەگەرنا هیچ کارێک ناکەم.

هۆکار و پاساوەکانی ئەم حەزەی ژنان جیاوازە، ئەگەر (شیلان) لەبەر گەرەنتی بەردەوامیی کارەکە حەز بە کەرتی تایبەت نەکات، ئەوا (دانیا) بەهۆکارێکی تر ئەو کەرتەی پێ باش نیە.

دانیا، کە ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە، لە جێگەیەکدا ماوەی مانگێک کاری کردوە، بەڵام بەهۆی گێچەڵپێکردنی لەلایەن خاوەن کارەکەیەوە، وازی هێنا.

«خاوەن کارەکەم پێی دەوتم دەبێت بە دڵی من جل لەبەر بکەی، هەروەها شەوان تەلەفۆنم بۆ کردیت دەبێت جوابم بدەیتەوە، خاوەنکار بەیانی تا ئێوارە من دەبینێت ئاخۆئیشی چیە بە شەو قسەم لەگەڵ بکات؟ بۆیە بڕیاری وازهێنانم لە کارەکەم هێنا». (دانیا) وای وت.

لەگەرمیاندا کەرتی تایبەت بۆ ژنان تاڕادەیەک نوێ و تازەیە، مێژوی کارکردنی ژنان لە کەرتی حکومی دا کۆنترە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا رێژەی ئەو ژنانەی رویان لە کەرتی تایبەت کردوە، هەڵکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

لەپاڵ ئەم زیادکردنەشدا، بەڵام ژنان پتر کەرتی گشتی بە پەسەند دەزانن وەک کەرتی تایبەت.

لەمبارەیەوە بەرپرسی رێکخراوێکی ژنان، هۆکاری کەمی ژنان لە کەرتی تایبەت بۆبارودۆخی کۆمەڵایەتی و لە ئەستۆنەگرتنی سەلامەتی گیانی ژنان دەگەڕێنێتەوە.

شەیما جەمال،بەرپرسی لیژنەی رزگاریی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، بۆ (نەوژین) وتی: «ژنان لە کەرتی تایبەت دا گەرەنتی سەلامەتیان کەمترە، بۆ نمونە ئەگەر لە کارگەیەکی پیشەسازی دا کاربکەن، ئەگەر توشی برینداریی و کێشەیەک هاتن، ئەوا کەس بەرپرس نابێت لێیان و مافیان نابێت».

شەیما جەمال، هۆکارێکی تر بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە: «زۆرێک لە خێزانەکان رێگە بە کچەکانیان نادەن لە مۆڵ یان لە کارگەیەک کاربکەن، ئەمەش هۆکارێکی ترە لەوەی ژنان گرنگی بە کەرتی تایبەت نەدەن».

# لە ڕێگەی فەیسبوکەوە 10 هەزار دۆلار لە کچێک دەسەنرێت




ئەو کوڕەم بە جیاواز دەبینی و دەموت فێڵم لێ ناکات

ئەمە چیرۆکی هەڵخەڵەتاندنە لەژێر ناوی خۆشەویستیی درۆینەدا

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان متمانەم بە هیچ کەس نەدەکرد، نازانم چۆن سەرلێشێواو بوم متمانەم بە کوڕێک کرد، بڕە پارەیەکی زۆری لێ بردم و وازی لێهێنام». دیلان، بە چاوی فرمێسکەوە وای دەوت.**

ئەو نمونەیەکە لەو کچانەی کە بە ناوی خۆشەویستیەوە و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەخشتەدەبرێن، تا دەگات بەوەی پارەیەکی زۆری لێبسێندرێت.

حاڵەتەکانی فریودانی کچان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، باسوخواسێکی گەرمی ئەم چەند ساڵەی رابردوە، بەتایبەتی لەگەڵ هەڵکشانی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە، کە زۆرجار و بۆ مەرامی تایبەتی کچانی پێ لەخشتەدەبرێن.

دیلان، ناوی خوازراوی کچێکی ٢٦ ساڵە، کە نمونەی یەکێکە لەو کچانەی لە ڕێگەی ئەو تۆڕەوە لەخشتە براوە.

ئەو بە خەمباریەوە، چیرۆکەکەی خۆی بۆ (نەوژین) گێڕایەوە و وتی: «من زۆر خۆم دەپاراست و نەدەکەوتمە هەندێک داوەوە، بەڵام ئەم کوڕەم بە جیاواز دەبینی و دەموت لەو جۆرە کەسانە نیە فێڵم لێ بکات و جێمبهێڵێت».

ئەو کوڕەی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ناسیویەتی، بەردەوام بوە لە قسەکردن لەگەڵی دا، هەتا هۆگری بوە، پاشان چەند جارێک یەکتریان بینیوە و ژوانیان کردوە.

(دیلان) بەردەوام بو لە باس کردنی بەسەرهاتەکەی و وتی: «دوای ساڵێک لە چونە دەرەوەمان، ڕۆژێک پێیوتم ئازیزەکەم دایکم نەخۆشە پێویستم بە ٢ هەزار دۆلارە، ئەگەر بتوانی بۆم بهێنیت ئەوا من لە خەم و خەفەت رزگار دەکەی، منیش کوێری خۆشەویستیە درۆینەکانی ئەو بوم و بۆ ڕۆژی دواتر پارەکەم پێدا».

لێرەوە کاروانی فریودان و لەخشتەبردنی ئەو کچە بۆ ڕاکێشانی پارەکانی دەستپێدەکات، تاوای لێدێت لەماوەی کەمتر لە ٢ ساڵ دا بڕی ١٠ هەزار دۆلار لەو کچە وەردەگرێت.

(دیلان) باسی لەوەکرد کە هەرجارە و بە بیانو و پاساوێک پارەی لێی ویستوە، ئەویش چونکە خۆشیویستوە، پارەکەی پێداوە.

بەڵام کاتێک ئیتر ئەوەی ویستویەتی لەو کچە بەدەستیهێناوە، ئەو کوڕەی کە دەبو شاسواری خەونەکانی بێت، (دیلان) بەجێدێڵێت و دەستبەرداری دەبێت، بەتەنیا لەناو واقوڕمان و شۆکی هەستکردن بە فریودان و دەستبڕین دا بەجێی دێڵێت.

ئەم شۆکە وادەکات ژیان و تێڕوانینی ئەو کچە سەرتاپا بگۆڕێت و خەمێکی گەورە یەخەی بگرێت، لەلایەک بەوهۆیەی چەند ساڵێکی تەمەنی لە خۆشەویستیەکی درۆینەدا بەفیڕۆ داوە، لەلایەکی تریشەوە دەستی بڕاوە و پارەیەکی زۆری لێوەرگیراوە.

ئەم چیرۆکەی کچە گەرمیانیەکە، بەلای توێژەرێکی کۆمەڵایەتیەوە، نمونەیەکی باشە بۆ ئەوەی کچان لە بونیادنانی پەیوەندیە سۆزداریەکانیان دا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، چاوی لێبکەن.

چۆمان ئەحمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: ئەم چیرۆکە دەچێتە چوارچێوەی هەڵخەڵەتاندن لەژێر ناوی خۆشەویستیی درۆینەدا، کاتێک لە روی دەرونی و لایەنی سۆزداریەوە کچێک متمانە بە کوڕان دەکات، بەڵام ئەوان بە مەرامی دیکە سۆزداریەکەی لێوەردەگرن.

ئەو توێژەرە باس لەوەش دەکات کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پڕ بون لەو بەسەرهاتانەی کە دەستی کچانیان تێدا بڕاوە، هەربۆیە هۆشداریی بە کچان دەدات کە ورد تر و بەرپرسیارانەتر ئەو تۆڕانە بەکاربهێنن و لێنەگەڕێن هەست و ئارەزوەکانیان، بۆڕ بە عەقڵ و بیرکردنەوەیان بدەن.

بە دیوەکەی تریشدا، پۆلیسی گەرمیان ڕێنمایی هەیە بۆ کچان کە لەکاتی بونی کێشەی پەیوەندیدار بەو بوارانەوە، دەتوانن سکاڵایان لەلا تۆمار بکەن، لە بری ئەوەی پەنا بۆ ڕێگەی نەخوازراوی دیکە ببەن.

مقەدەم (عەلی جەمال)، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بە (نەوژین)ی وت: بەپشت بەستن بە سکاڵای کەسەکە و لەسەر فەرمانی دادوەر، ئێمە دەست بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست دەکەین بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کچان لە خشتە دەبەن، تەنانەت ئەگەر کەسەکە چوبێتە دەرەوەی وڵاتیشەوە، لە ڕێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپوڵ)ەوە هەوڵی دەستگیرکردنی دەدەین.

# کچان پێشەنگی هەڵمەتەکانی کۆکردنەوەی هاوکاریین بۆ ڕۆژئاوا

■ نەوژین، زریان محەمەد

**ژمارەیەک کچ لەخۆبوردوانە سەرقاڵی ڕێکخستن و جیاکردنەوەی ئەو کۆمەکانەن کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە بۆیان هێنراوە، ئەگەرچی ماندوبون بە روخساریانەوە دەبینرێت، بەڵام هێشتا دڵگەرم و مکوڕ لەسەر ئەنجامدانی کارەکەیان دەردەکەون.**

ئەو ژمارە کچ و ژنە، بەشداریی هەڵمەتی کۆکردنەوەی خۆراک و هاوکاری و کەلوپەلن بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، کە لە دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ئەو پارچەیەی نیشمان و ئاوارەبونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان، بۆ دەستگرۆییکردنیان لە چەند ناوچەیەکی کوردستان، کەمپینی تایبەت پێکهێنرا.

لە کەمپینەکەی گەرمیان دا کە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار پێی هەڵدەستا، کچان ڕۆڵی بەرچاویان تێیدا دەگێڕا و لە هەمو قۆناغەکانی هەڵمەتەکەدا، بەشدارێکی کارا بون.

شەهلا کەریم، ئەندامی گروپی کەمپینی «هەمومان ڕۆژئاواین» لە کەلار، بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات: «ئامانجمان لەم کەمپینە بۆ هاوکاری کردنی ئەو کوردانەی ڕۆژئاوا بو کە تورکیا هێرشەکانی دەستپێکردوە بۆ سەریان، ئێمەش وەک بەرپرسیارێتی و هاونەتەوەییەک هەستاین بە کۆکردنەوەی پێداویستی بۆ ئاوارەکان».

ئەو کە کارمەندی سەنتەری گەنجانی کەلارە، باسی لەوەکرد بەشدارییکردنەکەی بەهۆی ئەوەوە نیە کە کەمپینەکە سەنتەرەکەیان پێی هەڵدەستێت، بەڵکو وەکخۆی وتی: «لە هەر جێگەیەکی تر بکرایە ئامادەبوم کە هاوکارییان بکەم».

کچان لە ڕێگەی تیمی گەڕۆکەوە هاوکارییان کۆدەکردوە

مێژوی دور و نزیکی کورد، پڕە لە ئاوارەیی و دەربەدەریی، هەر ئەم ئەزمونەشە وای لە هەندێک لە کچان کردوە دڵگەرمتر بەشداریی لە کەمپنەکەدا بکەن.

ئیمان محەمەد، بەشدارێکی کەمپینەکەی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «خۆشمان ئاوارەییمان بینیوە، بۆیە کاتێک ئەو دیمەنانەی کارەساتەکەی ڕۆژئاوام بینی، بڕیارم دا بەشداریی لەم کەمپینەدا بکەم بۆ کۆکردنەوەی پێداویستی بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا».

ڕاکان جیاوازن لە بارەی بەشداریکردنی کچان و ژنان لەو کەمپینانەی کە ئەنجام دەدرێن بە گشتی لە گەرمیان و بەتایبەت کەمپینی «هەمومان ڕۆژئاواین».

لە بارەی ئەوەی تا چەند کچان و ژنانی گەرمیان بەشداربون لە کەمپینەکەیان، (شەهلا) وتی: «بەشداری کچان و ژنان زۆر باش بو لە کەمپینەکە و تیمی گەڕۆکیشمان هەبو کە کچانی تێدا بو هاوکارییان کۆکردوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش گەرموگوڕییەکی زۆریان بە روخسارەوە دیار بو کە دەریدەخات چەند گیانی هاوکارییان تێدایە».

پێیشیوایە زۆر گرنگە کە بە بەردەوامی کچان و ژنان لەمجۆرە هەڵمەت و کارانەدا بەشدار بن.

بە پێچەوانەی (شەهلا)وە، (ئیمان) تێبینی و «گلەیی» هەبو لەسەر بەدەمەوەهاتنی ژنان بۆ کەمپینەکەیان، هۆکارەکەشی بەستەوە بە داخراوی خێزانەکانەوە «بەکەمی ژنان و کچان بەشداربون لەم کەمپینە کە بێن و هاوکاری کۆ بکەنەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ڕێگری خێزانەکان لە کچەکانیان دەگەڕێنمەوە، ئەگەرچی ئەوانەشی کە بەشدار بون بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە پێشوازییان لە هاوڵاتیان دەکرد و گرنگیشە بەشدار و بەردەوام بن».

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدان، لە ماوەی ٥ ڕۆژی کەمپینی «هەمومان ڕۆژئاواین» لە کەلار، بڕی ٤١ تەن خۆراک کۆکراوەتەوە سەرباری پێداویستیەکانی دیکە.

نەبەز حەمید، سەرپەرشتیاری کەمپینی «هەمومان ڕۆژئاواین» لە شاری کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: ئەم کەمپینە لە لایەن ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان و ڕێکخراوی سی دی ئۆ و ڕێکخراوی فریادرەسەوە ئەنجام درا بۆ ماوەی ٥ ڕۆژ.

دەشڵێت: لەو ماوەیەشدا بڕی (٤١) تەن خۆراک کۆکرانەوە، لەگەڵ ١٢٥٠ بەتانی، ٢١٨ فەرش، ٤٨٠ دۆشەک، ١٠٥٠ دایبی مناڵان، ٣٨٥٠ پارچە جلوبەرگ و چەندین پێداویستی دیکە.



سەبارەت بە بەشداری ژنان و کچانی کەلار لە کەمپینەکەدا، نەبەز حەمید، باسی لەوەکرد: «بەشداریکردنی کچانیش باش و دڵخۆشکەر بو، ڕۆڵیان هەبوە و هاوکارێکی باش بون بۆمان و کارەکانیان بە گرنگ هەڵدەسەنگێنین».

# کچان دەربەندیخان دەکەنە تەختەی شانۆ









■ نەوژین

**شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان ئەنجامدرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە کچانی ئەکتەر لە فیستیڤاڵەکەدا بەشدار بون.**

ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٠١٩/١٠/٢٤، لە قەزای دەربەندیخان، شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان بەڕێوەچو، کە ساڵانە بەڕێوبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەری شارەکە ئەنجامی دەدات.

لە فیستیڤاڵی ئەمساڵدا لە ١٠ شاری هەرێمی کوردستان و ٨ وڵات و شاری دیکەی دەرەوەی هەرێم گروپە شانۆییەکان بەشدارییان کردبو و نمایشەکانیان لە شەقام و شوێنە گشتیەکانی ئەو شارە نمایش کرد.

ئەوەی جێگای سەرنجی بەشداران بو، بەشداری بەرچاوی کچانی ئەکتەر بو لە شانۆگەرییەکان دا، بەشێوەیەک زۆرینەی ڕەهای نمایشەکان ئەکتەری کچ ڕۆڵی تیایدا دەگێڕا.

هەروەک ٤ خەڵاتی نواندنیش بە کچانی ئەکتەر درا، دوان بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان و دوانیش بۆ بەرهەمە بیانیەکان.

هەرچی بەرهەمە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەوا خەڵاتی یەکەم باشترین ئەکتەری کچ درا بە (ڕۆزانا فەرهاد) لە شانۆیی (چەند دیمەنێکی جیاواز) بەرهەمی گروپی هەولێر.

خەڵاتی دوەم باشترین ئەکتەری کچ لە بەرهەمی ناوخۆییش درا بە (زریان عەولحەکیم) لە شانۆیی (باویلکە) بەرهەمی گروپی هەڵەبجە.

خەڵاتی یەکەم باشترین ئەکتەری کچ لە بەرهەمە دەرەکیەکانیش، درا بە (نەستەرەن موحەمەدی) لە کرماشان- ئێران.

خەڵاتی دوەم باشترین ئەکتەری کچیش درا بە (ماریا جۆس گوێریرۆ) لە ئیسپانیا.

---

# ژنان خەڵاتە جیهانیەکانی ئەدەبیات دەچننەوە

■ نەوژین

**ڕەنگە هیچ سەردەمێک وەکو ئێستا سەردەمی چینینەوەی خەڵاتی کار و بەرهەم و ماندوبونی ژنانی نوسەر و بەتایبەت ئەدیب نەبێت، چونکە چەند ساڵێکە ژمارەی ئەو ژنە نوسەرانەی خەڵاتی بەناوبانگی ئەدەبیی بەدەستدێنن، لەبەرزبونەوە دایە.**

لەم مانگەدا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات ڕاگەیەنرا، جیاواز لە ساڵانی پێشو، ئەمساڵ ٢ خەڵات پێشکەش کرا، بەوهۆیەی ساڵی پار خەڵاتەکە بەهۆی بونی ئابڕوچونێکی سێکسی ئەندامێکی لیژنەی خەڵاتەکەوە پێشکەش نەکرا، هەربۆیە ئەمساڵ براوەکانی خەڵاتەکە بۆ هەردو ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دەستنیشان کران.

خەڵاتی ساڵی ٢٠١٨ بەر ژنە نوسەری پۆڵەندی (ئۆلگا توکارچوک) کەوت، هەرچی خەڵاتی ٢٠١٩یە، بە نوسەری نەمسایی (پیتەر هاندکە) درا.

(ئۆلگا توکارچوک)، یەکێکە لەناوە دیارەکانی دونیای ڕۆمان لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان، ئەو پێشتریش لە ساڵی (٢٠١٨) خەڵاتی (مان پۆکەر)ی ئەدەبی بەدەستهێناوە لەبەرامبەر ڕۆمانەکەی (Flights) دا.

نوسینەکانی ئەم نوسەرە پۆڵەندییە، ئاوێزانە بە خەیاڵ، ئەوەیشی لەبارەیەوە دەوترێت ئەوەیە کە بەردەوام دەیەوێت سنورە زانراو و ئاشناکان بسڕێتەوە و دژ و ناجۆریەکان لەتەک یەکدا کۆ بکاتەوە.

بەوەرگرتنی ئەم خەڵاتە لەلایەن (ئۆلگا)وە، ژمارەی ئەو ژنە نوسەرانەی کە خەڵاتەکەیان وەرگرتوە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٦ نوسەر، هەروەک سێیەم خەڵاتی ئەو بوارەیە لەماوەی ٧ ساڵی ڕابردودا ژنان بەدەستی دێنن، ئەمەش ئەو پێشڤەچونە دەردەخات کە قەڵەمە ژنەکان لە بواری ئەدەب دا لەم ساڵانەی دواییدا بەدەستیان هێناوە.

ئەم بەرەوپێشەوەچونە وەنەبێت تەنها لەو جیهانەدا قەتیس بوبێت کە بە «ڕۆژئاوا» ناسراوە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ ڕۆژهەڵات و ئەو ناوچانەیشی کە بە «جیهانی سێ» ناودێر دەکرێن.

بەشێوەیەک ئەمساڵ خەڵاتی (مان پۆکەر)ی ئەدەبی کە یەکێکە لە خەڵاتە ناسراو و گرنگەکانی بواری ئەدەب و بەتایبەتی ڕۆمان، بە ژنە ڕۆماننوسی عومانی (جوخە ئەلحارسی) درا.

جوخە، لەبەرامبەر ڕۆمانەکەی دا «خانمانی مانگ» ئەو خەڵاتەی پێبەخشرا، ڕۆمانەکەیشی لە ساڵی ٢٠١٠ بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی، بەڵام ئەمساڵ بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا و چوە کێبڕکێی بەدەستهێنانی خەڵاتی (مان پۆکەر)ەوە و سەرەنجام بەدەستی هێنا.

چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە وڵاتەکەی نوسەر «سوڵتاننشینی عومان» دەکات، بە مێژوی ئەو وڵاتەی کەنار دەریادا ڕۆدەچێت لە ناوەندێک بۆ بازرگانییکردن بە کۆیلەوە بۆ وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت و ئەو گۆڕانکارییە گەورە و جیاوازانەی لە بونیادی کۆمەڵگاکە دا بەوهۆیەوە ڕودەدات.

سەرۆکی لیژنەی دادوەری خەڵاتی (مان پۆکەر)، لە بارەی پێدانی خەڵاتەکەیان بەو ڕۆمانە، دەڵێت: «خانمانی مانگ، کارێکی ئەدەبیە کە لە یەک کاتدا هەست و عەقڵ داگیر دەکات».

> لە حەوت ساڵ دا ٣ ژن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییان بردوە






## ئاکامی زو بە شودانی کچان...

# لە پاش لەبارچونی 8 کۆرپەلە، بەسەر منالەوە گیانی سپارد

▪ نەوژین، ڕۆژان محەمەد ڕەشید

**لەژورێکی خامۆش دا کە تەنها چرایەک بە کزی دەگرا، (ڕەزیە)ی تەمەن (١١) ساڵ دانیشتوە، جلێکی کوردی سوری لەبەردایە و پارچە پەڕۆیەکی سپی لەباوەشدایە، هۆن هۆن فرمێسک بەچاویا دێتەخوارەوە، دایک و پوری بە بەردەوامی بە گوێیدا دەچرپێنن و «ئامۆژگاریی» دەکەن بۆ ئەوەی دەبێت لەم چەند کاتژمێر و ڕۆژانەی داهاتودا چی بکات.**

ئەو هەم بە منالی و پێنەگەیشتویی بەشو دەدرێت، هەمیش لە بری خوێن دەدرێت، خێزانەکەی بۆ کڕینەوەی ژیانی براکەی کە پیاوێکی کوشتوە، لەگەڵ خێزانی کوژراوەکەدا ڕێکدەکەون بەوەی (ڕەزیە)یان بدەنێ و ئەوانیش دەستبەرداری کوشتنی کوڕەکەیان بن.

چیرۆکی ئەمجۆرە لە هاوسەرگیرییە لە کۆمەڵگادا نامۆ نیە، بەڵام لەئێستادا لقێکی ئەم هاوسەرگیرییە زۆر کەم بوەتەوە، کە ئەویش لەبری بەخوێن دانە، بەڵام لقەکەی تر کە بە شودانی کچانە لە تەمەنی منال و پێنەگەیشتو دا، هێشتا هەر بونی هەیە و بگرە برەویشی پەیدا کردوەتەوە.

ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی یونسێف تایبەت بە پاراستنی منالان، ئاماژەی بەوە کردوە کە ١٢ ملیۆن کچ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا بەشودراون، ئەگەر هەوڵدانەکانیش بۆ ڕوبەڕوبونەوەیی خێرانەکرێتەوە، ئەوا ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ ١٥٠ ملیۆن.

پاساوەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جۆراوجۆرن، زۆرجاریش والێکدەدرێتەوە کە لەبەر بەرژەوەندی خودی کچەکان، خێزانەکان ئەم کارە دەکەن.

عەبدولسەلام بەرواریی، پسپۆڕی کۆمەڵزانی لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە ئەم پرسە لە زۆر کۆمەڵگای جیهاندا بونی هەیە.

وتی: «حاڵەتی بەزۆر بەشودان حاڵەتێکی بەربڵاوی کۆمەڵگایی مرۆڤاییەتییە و کۆمەڵگای کوردیش بەدورنییە لێی، هۆکارە سەرەکیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ کلتور کە ئەمە لەناو کلتوری کوردەواریی دا چەسپاوە دەبێت کچ بەزویی هاوسەرگیریی بکات».

ئەو شارەزایەی کۆمەڵزانی، هۆکاری ئەم زو بە شودانەی کچان گرێدەداتەوە بەو ترسەی کە کۆمەڵگا لە «قەیرەبون» هەیانە. وتی: قەیرەیی بەخاڵێک دادەنرێت لە کۆمەڵگادا کە ناپەسەندە و زۆرجار توشی تانەو توانج دەبنەوە.

ئەوەی (ڕەزیە)ی ناچار بەم هاوسەرگیریە کرد، نە ترس بوە لە قەیرەیی و نە شونەکردن، بەڵکو توندوتیژی و زەبر و فشاری خێزان بوە کە ئەوی بە بێ ویستی خۆی داوە بە پیاوێک کە ٤٥ ساڵ لەخۆی گەورەترە.

عەبدولسەلام بەرواریی، پێیوایە ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە سەرکەوتو نابێت «هاوسەرگیرییەک سەرەتاکەی بەزەبرو زەنگ و زۆر و توندوتیژیی بێت، بەدڵنیاییەوە باشی لێناکەوێتەوە».

یەکێک لەو مەترسیە گەورانەی کە شارەزایان لە ڕەدکردنەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە و بەشودانی کچان لە تەمەنی منالی دا جەختی لێدەکەنەوە، ئەو کێشە گەورانەیە کەلەسەر تەندروستی خودی کچەکە دروستی دەکات، تا دەگات بەوەی ژیانی لێبسێنێتەوە.



ڕەزیە , کە لە ڕێگەی خوشکەکەیەوە سەربوردە و چیرۆکەکەیمان پێگەیشتەوە، قوربانیەکی ئەو هاوسەرگیرییەیە.

وەک خوشەکەکەی باسی لێوەکرد، ڕەزیە لەماوەی ٨ ساڵی هاوسەرگیریی دا، ٨ جار منالی لەبار چوە، هەتا سەرەنجام لە تەمەنی ١٩ ساڵی دا و بەسەر لە دایکبونی کۆرپەکەیەوە گیانی سپارد.

ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ خوشک و بەشێک لە خێزانەکەی (ڕەزیە) بوبێتە کۆست و ڕوداوێکی ناخۆش، ئەوا بەلای شارەزایانەوە دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراوی هەمو پرۆسەیەکی هاوسەرگیریی پێشوەختەیە.

د. هودا محیەدین محەمەد، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان و منالبون و نەزۆکی لە سلێمانی، جەختدەکاتەوە کە بەپێی توێژینەوە زانستیەکان (٤٠٪)ی مردنی ژنانی دوگیان، ئەوانەن کە تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵیەوەیە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەبارچونی منالانی ئەو ژنانەش زۆر زیاترە.

لە باسکردنی هۆکاری ئەم حاڵەتەدا، ئەو پزیشکە ڕونیدەکاتەوە دایکەکە کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی دایە، هێشتا جەستەی بەتەواوەتی گەشەی نەکردوە و نەگەشتوەتە قۆناغی پێگەیشتن، هەربۆیە منالەکەش کە لەسکیایەتی پێویستی خۆی لەو جەستە گەشە نەسەندوە وەرنەگرتوە، سەرەنجام منالێکی نەباکام و گەشەنەسەندوی لێدەردەچێت، ئەمەش وادەکات منالەکە لەبار بچێت.

ئاماژەی بەوەشکرد کە لەلایەکی ترەوە ڕەنگە دایکەکە بەرگەی ژانی منالبون نەگرێت، پرۆسەکەش بە گیان لەدەستدانی دایکەکە کۆتایی پێبێت.

لەم سۆنگەیەشەوە و لەپێناو دروستنەبونی ئەم مەترسیانە، ئەو پزیشکە پسپۆڕەی ژنان و منالبون، جەختدەکاتەوە لەوەی پێویستە بنەڕەتی تەمەنی هاوسەرگیریی لە سەروی ١٨ ساڵەوە بێت.

# سوڵحە عەشایەرییەکان بکوژانی ژنان دەپارێزن

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**چیرۆکی ئەو ژنانە زۆرن کە کوژراون و بە سوڵحی عەشایەری بکوژەکەیان شاردراونەتەوە و کەیسەکەیان لە دادگا داخراوە و جارێکی دیکە باس نەکراونەتەوە.**

لەهەرێمی کوردستان لە پرسی ژنان دا تائێستاش کار بە ئاشتەوایی «سوڵحی» عەشایەری دەکرێت، ئەمەش لەهەندێک کات دا دەبێتە هۆی پەردەپۆشکردنی تاوانەکە و بەلاڕێدابردنی و دواتریش داخستنی کەیسەکان.

وەفا، نمونەی یەکێک لەو ژنانەیە لەلایەن مێردەکەی هەڵواسراوە لەماڵەوە و خنکێنراوە، بەڵام دواتر کەیسەکەی بەناوی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن یەکلا کراوەتەوە، بەهۆی سوڵحی عەشایەریشەوە کۆتایی پێدەهێنرێت و هاوسەرەکەی کە تۆمەتبارە بە کوشتنی، دەربازی دەبێت.

ئەشواق شێخ نەجیب، پارێزەر، سەبارەت بە شاردنەوەی کەیسەکانی ژنان بۆ (نەوژین) وتی: کەیس هەبوە ژنەکە خنکاوە یان کوژراوە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەدادگاکان دا دەکرێت و بەدواداچونی بۆ دەکرێت، دەرکەوتوە ژنەکە خۆی ئەم کارەی نەکردوە، بەڵکو لەلایەن مێردەکەی یان کەسە نزیکەکانیەوە کراوە.

وتیشی: «دواتر بە ناوی هەوڵدانی کاری لەو شێوەیە بۆ خۆکوشتن و تێکچونی باری دەرونی کوژراوەکە، کەیسەکە گۆڕدراوە و سوڵحێکی عەشایەری دەکرێت و چیتر باسیشی ناکرێتەوە».

ئەنجامدانی سوڵح تاوەکو ئێستا لەناو کۆمەڵگای کوردی دا بونی هەیە و سوڵحەکان زیاتر لە کەیسەکانی گیان لەدەستدان بەهۆی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و هاوشێوەکانی دا دەکرێت، بەڵام هەندێکجاریش بۆ شاردنەوەی بکوژی ژنانیش پەنا بۆ ئەم کارە دەبرێت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە گەرمیان، لە ساڵی پاردا ٢ حاڵەتی کوشتنی ژنان و ٣ حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان تۆمارکراوە، بەڵام لەمساڵ دا هیچ حاڵەتێکی هاوشێوە تۆمار نەکراون لە سنورەکەدا.

ڕێکخراوەکانی ژنان باس لەوەدەکەن، هەوڵیان داوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتانە، بەڵام بەپێی پێویست کاردانەوەی نەبوە.

شوکرییە غەفور، بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی ژنانی کوردستان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: زۆر جار کۆبونەوە و سیمینارمان کردوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانە و نەشاردنەوەی بکوژانی ژنان و هۆشیاریمان داوە.

جەختیش دەکاتەوە کە «دیزەبەدەرخۆنەکردنی» کەیسەکانی توندوتیژی، حاڵەتێکی بەرچاوە «کەیسمان هەبوە دەستی ژنەکە شکێنراوە و بەنزین کراوە بەسەری داو سوتێنراوە، کەیسەکەیش داخراوە و بکوژەکەشی نەگیراوە».

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ژنان، هێماش بەوەدەکات کە هەندێک بۆشایی لە یاساکان دا هەیە، وایکردوە بکوژان سزای خۆیان وەرنەگرن «کێشەی ئێمە ئەوەیە هەتاوەکو سکاڵا نەکرێت کەس دەستگیر ناکرێت، یاسایەک نییە باس لە دەستگیرکردنی ئەو کەسانە بکات، تەنانەت تۆمەتبار خۆی ڕادەستی دادگا کردوە دادگاش دەستگیری نەکردوە». (شوکریە) وای وت.

لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ماددەی ٢٤٨، باس لە سزای شاردنەوەی تاوانەکان دەکات و سزاکەی بە ٢ ساڵ بەند کردن دەستنیشان کردوە بۆ هەر کەسێک سوڵح بکات و تاوانەکان بشارێتەوە.

فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لەگەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هەر کەیسێکی کوشتن هاتبێتەلامان بەپێی یاسا بەدواداچونمان بۆکردوە و بکوژانمان دەستگیرکردوە و سزا دراون، بەڵام خزمی بکوژ یان کوژراو نەیەوێت سکاڵا بکات یان سکاڵاکە وەرگرێتەوە لەدەرەوەی دادگا سوڵح بکات بەرامبەر پارە یان هەر شتێکی تر، ئێمە ناتوانین هیچ کارێک بکەین و ئەوە مافی تاکە کەسییە».

بە ڕای ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی هەرێمی کوردستان، سوڵحکردن کارێکی خراپ نیە، ئەگەر نەبێتە هۆی دڵدەدانی بکوژانی ژنان.

پەروین حەسەن، بۆ (نەوژین) دەڵێت: سوڵح کردن شتێکی خراپ نییە، ئەوەی کێشەیە تەداخولکردنی سەرۆک خێڵەکانە کە دەبنە هۆی دڵدەدانی بکوژانی ژنان و تەسلیم نەکردنەوەیان بە دادگا.

وتیشی: «لەهەرێمی کوردستان سوڵحی عەشایەری زۆر بو بەتایبەت لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکان دەکرا، ئەگەر مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان نەمێنێت کە چارەسەری کێشەکان لەوێ دەکرێت، ئەوە دەکرێت سوڵح نامێنێت و یاسا سەروەر دەبێت، ئێمەش هەوڵمان داوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو سوڵحانە و نەمانی».



# 4 پرسیار لە بارەی جێندەرەوە



جێندەر هەمیشە پەیوەستە بە هەردو ڕەگەزەوە

هەوڵی ڕێکخراوەکان و چالاکان سنوردارە

■ نەوژین

**شارەزایەکی «جێندەر» پێیوایە ئەو پێدراوە خراپەی بەم چەمکە دراوە لەکۆمەڵگەی کوردیی دا، پەیوەستە بەوەی کەسانی موحافیزکار نوێبونەوە و ئازادیی و یەکسانی قبوڵ ناکەن، ڕەدیشی دەکاتەوە چەمکی جێندەر هیچ سەروکارێکی لەگەڵ تێکدانی خێزان و شیبونەوەی دا هەبێت.**

لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا، سەرکەوت جەلیل، ماستەر لە یاسا و شارەزا لە بواری جێندەر، لەسەر چەمکی «جێندەر» و چیەتیەکەی قسە دەکات، هەروەک وەڵامی هەندێک «بۆچونی هەڵەش» لەمبارەیەوە دەداتەوە.

١. جێندەر چیە؟ کە دەوترێت جیاکاریی جێندەریی مەبەست لێی چیە؟

جێندەر زاراوەیەکی زانستییە، مەبەست لێی باسکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. جێندەر پەیوەندیی بەهێزی بە زاراوەیەکی ترەوە هەیە، کە ئەویش «سێکس»ە. بەبێ لێکدانی ئەم دوە، لەوانەیە تێگەیشتن لێیان هەندێک قورس بێت. مەبەست لە سێکس، خودی کردەی سێکس و پەیوەندیی سێکسی نێوان هەدو ڕەگەز نیە، بەڵکو لەم سیاقەدا کە دەوترێت سێکس، مەبەست لێی خەسڵەتە جەستەیی یان بایۆلۆجییەکانی مرۆڤەکانە. وەک دەزانین نێر و مێ لە هەندێک خەسڵەتی جەستەییدا جیاوازن و نکۆڵی لەوە ناکرێت، بەڵام بۆ جێندەر، زیاتر مەبەست لە ڕەهەندە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکەی جەستەیە. من وەک تاکێک، وەک مرۆڤێک، چۆن لە جەستەی خۆم و وەزیفە جەستەییەکانی خۆم دەڕوانم، چۆن سەیری خۆم دەکەم. جگە لەوەش، ئەوانیتر یان کۆمەڵگە چۆن سەیرم دەکەن و چۆن لێم تێدەگەن. بۆیە کە دەڵێین جێندەر، مەبەستمان تێگەیشتنی خەڵک و کۆمەڵگەیە بۆ ئەرک و وەزیفەی هەردو نێر و مێ: کۆمەڵگەیەک، کەلتورێک، نەریتێک، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا چۆن لە ئەرک و وەزیفە، چۆن لە مانا و دەلالەتەکانی جەستەی نێر و مێ دەڕوانێت؟ چۆن لەوێشەوە ئەرک و وەزیفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر دابەش دەکرێن؟

لێرەوە دەکرێت بڵێین، جێندەر هەمیشە پەیوەستە بە هەردو ڕەگەزەوە، بەبێ یەکێک لە ڕەگەزەکان (نێر، مێ) پەیوەندییەکە دروست نابێت و پرسەکەش پرسێکی جێندەری نابێت.

٢. ئایا ئەم ڕوانینە لە جۆری کۆمەڵایەتی لە گشت کۆمەڵگاکان وەک یەکە؟ چونکە وا دەوترێت کە ئەم چەمکانە زۆرتر ڕۆژاواین و هەربۆیە بۆ ئەوان گونجاون نەک کۆمەڵگاکانی لەمەڕ ئێمە؟

وەک واقیع، بەڵێ لە هەمو دنیادا و بە ئێستاشەوە، جیاکاریی جێندەری هەیە و ماوە، تەنیا ڕێژە و دەرکەوتەکانی گۆڕاوە. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە چاوی نەوی و سوک سەیری هەرکام لە ڕەگەزەکان کرا لە پەیوەندیدا بە ڕەگەزەکەی ترەوە، لەوێ جیاکاریی جێندەری هەیە. بەڵام وەک واقیعێکی مێژویی، ئەوەی زیاتر زەرەرمەندە لەم پرسە و لەم پەیوەندی و هەڵاواردنەدا، ژنانن.

وەک زۆر تێگەیشتنی تر کە لە ڕیشەدا دەچنەوە سەر نەریتی فیکری ڕۆژئاوایی، پرسی یەکسانی/جیاکاریی جێندەریش هەروایە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر فەرامۆش بکرێت و نەخوێنرێت و نەخوێنرێتەوە و لەسەر ستایلی پێشوتری بیرکردنەوەی خۆمان، بەردەوام بین.

هێشتا جیاکاریی جێندەری دژی ژنان لە ئەوروپا و ئەمەریکاش پرسێکی گەرمە و باس دەکرێت، هێشتا خەبات بۆ یەکسانی بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت، بەڵام بەراورد بە ڕۆژهەڵات بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت، ئەوان هەنگاوی زیاتریان بە ئاقاری یەکسانیدا ناوە و لای کەمی مافەکانی هەردو ڕەگەزیان مسۆگەر کردوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات، لە پێش هەمو شتێکیشەوە بە کاریگەریی ئاین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، هێشتا سەرەتای سەرەتایە و کاری زیاتر و خەباتی چڕتری دەوێت.

٣. لێکدانەوەیەکی وەها لە کۆمەڵگا بڕەوی پێدراوە کە چەمکی جێندەر وەکو «انحلال» و شیبونەوەی خێزان و کۆمەڵ لێکدەداتەوە، قسەت لەمبارەیەوە چیە؟

پرسی خێزان، پرسێکی ئاڵۆزە. ئاڵۆزە، چونکە خۆی لە قەرەی زۆر وردە بابەت و پرسی تر دەدات. پرسی تاک و تاکگەرایی، پرسی کۆمەڵ و جڤات و جڤاتگەرایی، پرسی ئازادی و سنورەکان، پرسی چاکە و خراپە. تاکەکەس بەبێ کۆمەڵگە ناژی، بەڵام کۆمەڵگەش دواجار لە کۆمەڵێک تاکەکەس پێکدێت. بۆیە هەنگاوی جددی یان ئاڵنگاریی سەرەکی، پێکەوە گونجاندنی تاکەکەس و جڤاتە، یان تاک و کۆیە. چۆن کارێکی وا بکرێت، کە هاوسەنگی و هاوئاهەنگییەکی زیاتر لەنێوان ئەو دوەدا بێتە ئاراوە؟ ئەمە یەکێک لە سەرەکیترین و گەورەترین پرس و پرسیارەکانی مێژوی مرۆڤە. هەر ئایدیۆلۆجیا و فیکر و فەلسەفەیەکیش، دیدی جیاوازی خۆی بۆ ئەم پرسە هەیە. جێندەر وەک وترا، پەیوەستە بە ئازادی و یەکسانییەوە. ئازادی و یەکسانییش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مانەوە یان هەڵوەشاندنەوەی خێزانەوە نیە. پەیوەندییەکی لۆجیکی لەنێوان ئازادی و یەکسانی لەلایەک و هەڵوەشانەوە یان مانەوەی خێزان لەلایەکی ترەوە، نیە. واتە مەرج نیە کەسێک ئازاد و یەکسان بێت، ئیتر خێزان هەڵوەشێنێتەوە. پرسی خێزان پەیوەندیی بە سیستەمە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەشەوە هەیە، لە ئابوری و سیاسەتەوە تا کەلتور.

بۆ کۆمەڵگەی خۆمان ئەوانەی ئەو بانگەشانە دەکەن، زیاتر کەسانی موحافیزکارن، ئەوانەن کە لەگەڵ گۆڕان و گۆڕینی کەلتوریدا نین، لەگەڵ نوێبونەوە و مۆدێرنبونەدا نین، لەگەڵ ئایدیای ئازادی و یەکسانی و مافدا نین. ئەوەی باس کراوە گوایە جێندەر خۆبەخۆ خێزان هەڵدەوەشێنێتەوە، زیاتر لە فۆبیا دەچێت. درۆ و چاوبەست و فێڵێکە لە زۆرینەی نەخوێندەواری کۆمەڵگە دەکرێت، ئەگینا بۆ کەسانی خوێندەوار و ئاگادار، قورسە باوەڕ بەو بانگەشانە بکەن. تاکەکەس بەها و کەرامەتی خۆی هەیە، دەبێت مافی خۆی هەبێت. لە چوارچێوەی قانونیشدا چۆن ئەو مافە بەکاردەهێنێت، دەبێت بڕیارەی خۆی بێت. ئەمەیە کەسانی موحافیزکار لێی تۆقیون. ئەوان لەم خاڵەدا ناکۆکن، هەر ئەم خاڵەشە کە هاوکات خاڵی لاوازیی ئەوانە.

٤. ئەرکی ڕۆشنبیران و چالاکانی ئەو بوارە چیە؟ تۆ لەو بەرەیەی کە وایدەبینن لەبەرامبەر ئەو هەڵمەتانەی بە گشتی لەسەر پرسەکانی پەیوەندیدار بە یەکسانی و مافەکانی ژنان هەیە، داکۆکیەکان وەک پێویست نین؟

وەک بنەما، پرسی یەکسانی/جیاکاریی جێندەری، بەشێکە لە پرسێکی مۆدێرنی دنیا، کە ئەویش پرسی مافەکانی مرۆڤە. مافەکانی ژنان بەشێکن لە گشت یان کۆیەکی گەورەتر، کە مافەکانی مرۆڤن. مافەکانی مرۆڤیش پێش هەر شتێک، ڕویان لە دەوڵەتە. دەبێت دەوڵەت وەک سەرەکیترین ئەکتەری ئەم بوارە، ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێت؛ دەبێت قانون و دامودەزگاکانی بەجۆرێک هەموار بکاتەوە، کە خزمەت بە چەسپاندنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنانیش بکات.

ئەوەی ونە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەم ڕیفۆرمە قانونیە. هەرچەندە من پێشتر و لە توێژینەوەی تایبەتدا باسم کردوە، کە هەرێمی کوردستان لە ڕوی قانونەکانی پەیوەندیدار بە پرسی جێندەرییەوە، لە پێش عێراقەوەیە. هەوڵی ڕێکخراوەکان و چالاکان سنووردارە، بەڵام ئەوان زیاتر تەرکیزیان لەسەر خەڵکە. باشتر وایە تەرکیزیان لەسەر حکومەت و دەوڵەت بێت، فشار بۆ ئەوان بهێنن تا بە قانون و دەزگا فەرمییەکاندا بچنەوە. تا کاتێک خودی دەوڵەت ئەو پرسە بەهەند نەگرێت، کارەکە هێندەی تر قورس دەبێت.

ئەرکی چالاکان و ڕۆشنبیران خوێندنەوەی زیاترە. زۆرێک لە چالاکانم دیوە، کە ئاگایی تەواویان بە ڕەهەندە جیاوازەکانی یەکسانی جیندەری نیە، ئاگایان لە لایەنە فەلسەفی و ئایدیۆلۆجییەکەی نیە. زیاتر وەک جۆرێک لە کاردانەوە، وەک توتی هەندێک ڕستەیان ئەزبەر کردوە و دەیڵێنەوە. نووسین و وەرگێڕانیان نیە، ڤیدیۆی کاریگەر پۆست ناکەن، گروپی فشار دروست ناکەن، شەرمنن و زیاتر خۆیان دەشارنەوە، دەترسن، زیاتر وەک ئەکتێکی شەخسی و وەک یاخیبونێکی پاسیف سەیری یەکسانیی جێندەری دەکەن. لەکاتێکدا ئەم پرسە، پێش هەر شتێکی تر، پرسێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستیی بە فشار و کار و ئەکتەری زیاترە کە بهێنرێنە سەر خەت. بەڵام ئەوەشی تا ئیستە کراوە، جێی دەستخۆشی و ستایشە، شیاوی پێزانینە. ناڵێم هیچ نەکراوە، بەڵام دەبێت زیاتر بکرێت.



# ژنانیش کەڵەشاخ دەکەن

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ئەگەر هەتائێستا واتزانیوە هەر پیاوانن کەڵەشاخ دەکەن و هەرخۆشیان کارەکە ئەنجام دەدەن، ئەوا هەڵەیت، چونکە ئێستا ژنانیش کەڵەشاخ دەکەن و هەر خۆشیان بەو کارە هەڵدەستن.**

«کەڵەشاخ» بریتییە لە دەرهێنانی خوێن لە بەشی سەرەوەی پشت بە بەکارهێنانی مولولەکانی خوێن لە رێگەی کەمۆڵەی جیاوازەوە، ئەم کارەش وەکو چارەسەری نەخۆشی و ئازاری جەستە و هەروەها چالاککردنی سوڕی خوێن ئەنجام دەدرێت.

بە گشتی دو شێواز هەیە بۆ ئەنجامدانی کەلەشاخ، یەکەمیان بە رێگای کاسە و ئاگرەوەیە، دوەمیشیان لە رێگای پەمپەوە ئەنجام دەدرێت.

لەپێشودا تەنها پیاوان ئەم کارەیان دەکرد، بەڵام ئێستا ژنانێک پەیدا بون ئەم کارە بۆ ژنان ئەنجام دەدەن، ئەو کارەش هەر لە ماڵان دا دەکەن.

دەریا ئەحمەد، ٢٩ ساڵ، دانیشتوی کەلارە و ماوەی ٥ ساڵە کەڵەشاخ بۆ ژنان دەکات.

بۆ (نەوژین) وتی: «ماوەی ٥ ساڵە لەماڵەکەی خۆم دا کەڵەشاخ بۆ ژنان دەکەم، ئەم کارەش لەرێگەی خولێکەوە فێر بوم».

لەبارەی ئەوەی بەکام لە دو رێگاکە، کەڵەشاخ بۆ ژنان دەکات؟ دەریا وتی: رێگای یەکەم تەندروست ترە، هەرکاتێک ئاگر دەخەیتە ناو کاسەکە، ئەوا ئۆکسیدی کاربۆن دروست دەکات و بەمجۆرەش هیچ بەکتریایەک ناتوانێت بچێتە ژورەوە، بەڵام ئەوەی دوەم کە بە رێگای پەمپ ئەنجام دەدرێت ناتوانێت رێگا لە بەکتریا و ڤایرۆس بگرێت.



ئەو ژنانەی کاری کەڵەشاخ کردن ئەنجام دەدەن، لە بەرامبەر کارەکەیان دا، بڕێک پارە وەردەگرن، ئەمەش بوەتە سەرچاوەیەکی داهات بۆیان.

سێوە محەمەد، ٣٣ ساڵ، یەکێکی ترە لەو ژنانەی کاری کەڵەشاخ کردن ئەنجام دەدات، بۆ (نەوژین) وتی: ماوەی ٢ ساڵە ئەم کارە دەکەم، ئەو کەسانەی کەڵەشاخیان بۆدەکەم، بۆ دو کوپ ٥ هەزار دیناریان لێوەردەگرم.

ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەنجامدانی کارەکە رێوشوێنی خۆی هەیە «ئەو کەسانەی سەردانمان دەکەن، دەبێت ٣ کاتژمێر پێشتر هیچ خواردن و خواردنەوەیەک نەخۆن، بۆ ئەوەی سوڕی خوێن چالاک نەبێت و بتوانرێت خوێنە پیسەکە بێتە دەرەوە». (سێوە) وای وت.

پێیشیوایە کەڵەشاخ «دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوە و رێکوپێککردنی لێدانی دڵ و کەمکردنەوەی رێژەی شەکرە و دابەزینی چەوری خوێن و زیادکردنی بەرگری جەستە و چەندین سودی تر»، ئەگەرچی ئەم شێوازە تائێستا وەکو چارەسەرێک لە زانستی پزیشکی دا پشتی پێنابەسترێت.

لەبەرامبەریشدا ئەو ژنانەی کەڵەشاخیان کردوە، باس لە سودەکانی دەکەن.

خانم فەتاح، ٤٧ ساڵ، یەکێکە لەو کەسانەی کەڵەشاخی ئەنجامداوە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: ماوەی ساڵێکە کەڵەشاخ دەکەم، ئەوکاتەی نەخۆش بوم دەستم دەتەزی و بەردەوام سەرم ژانی دەکرد، لەوەتەی کەڵەشاخ دەکەم ئەو نەخۆشیانەم نەماوە و سودێکی باشم لێ بینیوە.

پزیشکێکی پسپۆڕی هەناویی، باس لەوەدەکات پرۆسەکە زیانی نیە، ئەگەر بە شێوازێکی تەندروست بکرێت.

لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە کەڵەشاخ کردن قەدەغە کراوە

د. محەمەد مهنا، پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناو لە کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: کەڵەشاخ هەمان کاری خوێن وەرگرتنە، بەڵام لە رێگەی پێستەوە خوێن وەرگرتن دەکرێت نەک لەرێگەی دەمارەوە.

وتیشی: «ئەگەر ئامێر و کەرەستەکان بەپاکی بەکاربهێنرێن، هیچ کێشەیەکی نیە»، سەربارى ئەوەش جەختیکردەوە ئەگەر کەسێک خوێنی زۆر بێت، لە رێگەی تاقیگە پزیشکیەکانەوە ئەو خوێنە دەربکات باشترە.

سەربارى ئەمەش، کاری کەڵەشاخ کردن، لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە قەدەغەکراوە، کەچی هەر ئەنجام دەدرێت.

د. خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، بۆ (نەوژین) وتی: لەساڵی ٢٠١٥وە لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە کەڵەشاخ کردن قەدەغە کراوە و مۆڵەتی پێنەدراوە.

باسی لە هۆکاری قەدەغەکردنەکەشی کرد و وتی: «هاوڵاتیان سکاڵایان کردوە کە توشی نەخۆشی بون و بە شێوازێکی خراپ و ناتەندروست کەڵەشاخیان بۆ کراوە».

# کیسی هێلکەدان

▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: روناک ئەکبەر

**بەشێکی زۆری ژنان ئەزمونیان هەیە لە گەڵ کیسی هێلکەدان دا، بەشێوەیەک رەنگە لەژیانیان دا بۆ یەکجاریش بوبێت، توشی ئەم حاڵەتە بوبن.**

لە جەستەی ژنان دا دو هێلکەدان هەیە کە دەکەونە ناوچەی حەوز (بەشی خوارەوەی سک)، قەبارەیان بەقەدەر دەنکە بادەمێک دەبێت و بەمناڵدانەوە بەستراونەتەوە، ئیشیان بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆنە لەگەڵ هێلکە، پاشان دانانی هێلکە لەکاتی سوڕی مانگانە.

هۆکارێکی رودانی ئەم حاڵەتە (کیسی هێلکەدان) بەهۆی تێکچونی هۆرمۆنات و بەرزی هۆرمۆنی ئەندرۆجینەوە رو دەدات.

کاتێک شەکری خوێن بەرز دەبێتەوە، جەستە پێویستی بەبڕێکی زیاتری ئەنسۆلین دەبێت، کاتێک بڕێکی زیاتر ئەنسۆلین بەرهەم دێت، دەبێتە هۆی زیادبونی هۆرمۆنی ئەندرۆجین، کە هۆرمۆنی ئەندرۆجینیش زیاد بەرهەم دێت هۆکارە بۆ دروست بونی کیس.

کیسی هێلکەدان چەند کیسەیەکی پڕن بە ئاو، هەشیانە گۆشتن، لەناو هێلکەدانەکاندا یان لەسەر روی هێلکەدانەکان دا دروست دەبن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم کیسانە دو جۆرن، بەزۆری ئەوکیسانەی کە ئاون بێ زیانن، بە جۆرێک ژنەکە بە ئەستەم هەست بە ئازارەکەی دەکات، زۆربەی ئەم کیسانە خۆیان بێ وەرگرتنی هیچ چارەسەرێک دیار نامێنن. بەڵام ئەگەری دوبارە دروستبونەوەشی هەیە، لەژنان و کچانیش دا رودەدات، بەڵام هەندێ کیسی تر بەزۆری ئەوانەی کەگۆشتن، چەندین نیشانەی توند و مەترسیدار بەدوای خۆیدا دەهێنێت.



* جۆرەکانی کیسی هێلکەدان

١. هێلکە تورەکەیەک دەوری داوە پێی دەوترێت «folliclen» ، هەمو سوڕێک ئەم تورەکەیە لەگەڵ هێلکەدا دەچێتە دەرەوەی جەستە و هەندێک کات جێ دەمێنێت و ناچێتە دەرەوەی جەستە و دەبێتە کیس. پێی دەوترێت (Follicle cyst).

٢. بەزۆری دوای بەرەڵابونی هێلکە، کیسەکە دەتەقێت و دەتوێتەوە و نامێنێت، بەڵام ئەگەر کیسەکە مایەوە، ئەوکات زیاتر گەورە جەبێت و زیاتر ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە، کە لەم حاڵەتە پێی دەوترێت (Corpus Luteum Cysts)

٣. جۆرێکی تری کیسی هێلکەدان (cystadenomas)لەدەرەوەی روی هێلکەدان دایە و لەوێ دا گەشە دەکات.

٤. جۆرێکی تری لەناوەوە و دەرەوەی مناڵدان دایە و بەهۆی تورەکەکانەوە بە هێلکەدانەوە دەبەسترێتەوە و پێی دەوترێت: (endometriomas).

٥. ئەگەر ئافرەتەکە ژمارەیەکی زۆر تورەکەی بچوکی هەبو، لەم حاڵەتە پێی دەوترێت «polycystic» کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت رێگری دەکات لە مناڵبون.

* نیشانەکانی بونی کیسی هێلکەدان

١. ئازاری حەوز بەتایبەت لەکاتی چونە توالێت.

٢. ئازاری سنگ Brest ، وەک ئەوەی لەکاتی دوگیان بون دا رودەدات.

٣. ئازاری خوارەوەی پشت و ران و لاق.

٤. تێکچونی سوڕی مانگانە، یان پێش دەکەوێت یان دوادەکەوێت.

٥. دروستبونی موی زیادەHairsutism بەتایبەت لە چەناگە و سنگ، ئەوەش بەهۆی تێکچونی هۆڕمۆنەکان و زیادبونی هۆرمۆنی Testosteronی نێرینە لە ژنان دا.

٦. زۆر میز کردن، بەتایبەت ئەگەر کیسەکە گەورەبێت، چونکە پەستان دەخاتە سەر میزڵدان.

٧. هەندێک کاتیش دەبێتە نەزۆکی بەهۆی تێکچونی زۆر لە هۆرمۆنەکان.

٨. ئاوسانی سک.

٩. لەکاتی جوتبون دا هەست بە ئازار دەکات.

١٠. لەهەندێک حاڵەتدا رەنگە ببێتە هۆی خەمۆکی وچەندین نیشانەی لاوەکی تر.

* چبکەین بۆ ئەوەی خۆمانی لێ بپارێزین؟

١. وەرزشکردن بەشێوەکی رێکوپێک.

٢. خواردنی شەکر و چەوری هۆکارە و خۆراکە بۆ کیسەکان، بۆیە خۆتان بەدور بگرن لەو خواردنانە.

٣. رۆژانە بەپێ رۆیشتن بۆ ماوەی نیو سەعات.

٤. دابەزاندنی کێشی لەش.

خانمان پێویستە لەکاتی هەستکردن بەهەر گۆڕانکاریەک لەسوڕی مانگانە یان دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی کە لەم بابەتەدا باس کراوە، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن و لە خۆیانەوە چارەسەر نەخۆن و بڕیار لە نەخۆشیەکەیان نەدەن، چونکە دیارییکردنی نەخۆشیی و چارەسەرەکەی، کارێکە تەنها پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت بڕیاری لەبارەوە بدات و چارەسەری بۆ دیاریی بکات.

هەروەها ئەرکی دایکانە کە چاودێری کچەکانیان بکەن بە تایبەت کە کاتێک دەکەونە سوڕی مانگانە و بەردەوام لە هەندێک لایەنی تەندروستییەوە هۆشیارییان پێبدرێت، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا توشی ئەو حاڵەتە نەبن.

# کچان و کوڕان پێکەوە وێنە لەسەر دیواری قوتابخانەکان دەکێشن

■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد

**ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بەهاوکاری چەند شێوەکارێکی کچ و کوڕ، هەستاون بەئەنجام دانی چالاکی وێنەکێشانی جۆراوجۆر لەنێو قوتابخانەی گوندەکانی گەرمیان، وێنەکانیش بۆ هاندانی قوتابیانە بەمەبەستی ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و پاراستنی ژینگەی دەوروبەر و قوتابخانەکە و تەندروستیی خودی خۆیان.**

ئیمان نوری، ئەندامی تیمی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) لە بارەی کارەکەیانەوە وتی: ڕێکخراوی وادی بەحوکمی ئەوەی سەردانی زۆربەی قوتابخانەکانی ناوشار و ناحیە و گوندەکان دەکات و هۆشیاری مرۆیی و یاسایی و ژینگەیی و پاکوخاوێنی بڵاودەکاتەوە، لەهەنگاوێکدا بۆ درێژەدان بەو خزمەتگوزارییانە، ئەم چالاکیەمان دەستپێکرد.

ئاماژەی بەوەشکرد چالاکیەکە بریتیە لە کێشانی وێنەی ڕەنگاورەنگی جیاواز لە سەر دیوار و پۆلەکانی ناو قوتابخانەکان، کە وێنەکان هەندێکیان وێنەی هونەریی و جوانکاریین و هەندێکی تریشیان وێنەی ڕێنماییین بەمەبەستی ئەوەی مناڵان هان بدەن بۆ پاراستنی ژینگە و پاکوخاوێن ڕاگرتنی خۆیان و ناوەندەکەیان.

وتیشی: هەرچوار شێوەکار (هەورامان جەلال، دیاری جیهاد، بێریڤان محەمەد و محەمەد قاسم) بەم کارە هەستاون.

ئەم کارە لەلایەن بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە پێشوازیی باش و گەرمی لێدەکرێت.

کاروان بەکر، بەڕێوبەری یەکێک لە قوتابخانەکان کە چالاکیەکەی تێدا ئەنجامدراوە، وتی: خوێندنگەکەمان چەندین ساڵە دروستکراوە و هیچ کارێکی هونەری لەسەر دروستنەکراوە، ئەوەی ڕێکخراوی وادی بە هاوکاری خوبەخشەکانی دروستیان کردوە، جێی دەستخۆشیە و سودی بەقوتابیەکانمان گەیاندوە.

وتیشی: ئەو بەیانیانەی قوتابیەکانمان هاتنە ژورەوەی قوتابخانەکە بینیان بە ڕەنگی جیاواز و سەرنجڕاکێش وێنەی هاوڕێیەتی , زانست , پاکوخاوێنی، تەندروستی و پاراستنی ژینگە کێشراوە، خۆشحاڵیەکی زۆریان لەلا دروست بو، نەک هەر ئەوان ئێمەش دڵخۆش بوین. ئەم خۆشحاڵیە، مامۆستایانیش گوزارشتیان لێدەکرد.

لاڤە بەهرۆز، مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکان، بۆ (نەوژین) وتی: «بەڕاستی دڵی هەمو کەسێکی نێو قوتابخانەکە خۆشبو کە بەیانی هاتین و بینیمان دیواری قوتابخانەکە بەوێنەی جۆراوجۆر ڕەنگ کراوە و مامۆستا و مناڵان هەمو بەپێکەنین و خۆشیەوە لەدەوری یەک کۆبونەتەوەو سەیری وێنەکان دەکەن».

پێیشیوابو ئەم چالاکیە بۆ قوتابخانەی گوند گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی وێنەکان ئاماژە بە پاراستنی ژینگە و ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و هاوڕێیەتی و تەندروستی و هونەر و زانست دەکەن و مناڵانیان لەبارەوە هۆشیار دەکرێنەوە. زیاتر لە هەر کەسێک، مناڵان بەم کارە خۆشحاڵ بون.

کوردە جەبار، قوتابی، وتی: پێشتر ڕەنگی دیوارەکان ناشرین بون، بەڵام ئێستا جوان بونەتەوە.

کاتێک پرسیارمان لە (کوردە) کرد کە وێنەکان چی پێدەڵێن؟ بەبێ دودڵی وتی: «پێمان ئێژن پاکوخاوێنی ڕاگرین و ژینگە بپارێزین».





# لە دەستپێکی زستان دا ڕەچاوی ئەم 8 خاڵە بکە

■ نەوژین

**لەگەڵ داهاتنی هەر وەرزێک دا، کۆمەڵێک ڕێوشوێن هەیە کە واباشە ژنان بیگرنە بەر بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە تەندروستی خۆیان و بەتایبەتی جەستە و پێستیان بکەن.**

سایتی (لەها) لەمبارەیەوە ژمارەیەک ڕێنمایی پێشکەش بە ژنان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاریی لە جوانی روخسار و تەندروستییان بکەن لەگەڵ پێنانە ناو وەرزی زستانەوە.

١. کاتێکی باشە بۆ وەرگرتنی چارەسەر بە ڤیتامین. هەندێک کەس بە ڕێنمایی پزیشک پێویستیان بە خواردنی ڤیتامینەکان هەیە بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتیەکانیان لە پێداویستیان بەو ڤیتامینانە، بۆیە دەستپێکی زستان کاتێکی باشە بۆ دەستکردن بە وەرگرتنی ڤیتامینەکان.

٢. پێستی روخسار و جەستەت پێویستی بەشێدارکردنەوە هەیە، ئەمەش خاڵێکە بەتایبەت لەگەڵ ساردبونی کەشوهەوادا نابێت پشتگوێی بخەیت. دەبێت ئاگاداری ئەوەش بیت کە ئەگەر پێستت چەورە، خواردنی چەور کەمبکەرەوە، بۆ ئەوەی پێستت لەمعی نەبێت و ناشرین دەربکەوێت، هەروەک دەتوانیت کرێمی تایبەتی بۆ بەکار بێنیت.

٣. بڕێکی باش لە ئاومیوەی سروشتی و پڕ لە ڤیتامین بخۆرەوە، ئەمە وادەکات هەم جەستەت ڕێک بێت، هەم روخساریشت جوان دەربکەوێت.

٤. ئاگاداری خەوت بە، هەوڵبدە بە باشیی بخەویت، چونکە باشترین هاوڕێی جەستەیەکی چوست و نەمانی رەشایی ژێر چاو و ڕەنگی پەڕیو، خەوی تەواوە.

٥. بۆ دوربون لە سەرما، واباشە ژەمی گەرم و شلەمەنی پێویست بخۆیت. هەروەک لە دەرەوەش ئەو جلانە لەبەر بکە کە گەرمن و لە مادەی باشی وەکو خوریی دروستکراون.

٦. هەروەک چۆن کرێمی دژە خۆر هەیە، ئەوا کرێمی دژە سەرماش هەیە، ئەو کرێمانە بەپێی پێویست بەکاربێنە بۆ پارێزگارییکردن لە پێست و روخسارت.

٧. کێشەیەکی زەقی زستان، وشکبونی لێو و قڵیشانێتی، بۆیە لەڕێگەی بەکارهێنانی کرێم و کەرەستەی تایبەت بە چارەسەری لێوقڵیشان و وشکبون، چارەسەری بکە.

٨. لە زستان دا کەمتر هەست بە تینوێتی دەکەیت، هەربۆیە کەمتر ئاودەخۆیتەوە، ئەمەش بۆ پێست و جەستە زۆر زیانمەندە، هەربۆیە ڕۆژانە بیکە بە بنەما بەلای کەمەوە ٢ لیتر ئاو بخۆرەوە لەکاتی جیاجیا دا.

> ڕۆژانە بەلای کەمەوە ٢ لیتر ئاو بخۆرەوە



## دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

## کەژاڵ ئەحمەد:

# گەرمیان بە ماڵی دووەمی خۆم دەزانم



▪ نەوژین، زریان محەمەد

**(کەژاڵ ئەحمەد) پێیوایە پێگەی ژن لە ناو شیعر و ئەدەبیات دا بەوە دەپێورێت کە تاچەند رۆڵیان هەیە نەک بەوەی ژمارەیان چەندە، ئاماژە بەوەشدەکات بون بە شاعیر کارێکی ئاسان نیە و قوربانیدانی دەوێت.**

کەژاڵ ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٦٧ لە کەرکوک لە دایک بوە و لە شاری سلێمانی دادەنیشێت و هەر لە سلێمانی خوێندنی تەواو کردوە. لە سەردانێکی دا بۆ کەلار بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆڕێکی شیعری لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، (نەوژین) دەرفەتی قۆستەوە و دیدارێکی لەگەڵدا ساز دا.

* تۆ لە ژنە شاعیرە ناسراوەکانیت، ئەزمونی نوسینت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

لە ساڵی ١٩٨٦ەوە دەستم بە شیعر نوسین کردوە و لە ساڵی ١٩٨٧ دەستم بە بڵاوکردنەویان کرد، هەر لەو ساڵەشدا کۆڕێکی شیعریم سازکرد و بەشیعرێک ناسرام بە ناوی (لەلای ئێمە)، دواتر بە شیعری (ئافرەتێک بە چرپە وتی) زیاتر دەنگدانەوەم هەبو، لەگەڵ ئەوەش سەرەتای شیعرەکانم شۆڕشگێڕانە بو، بەڵام دواتر شیعرەکانم بو بە ژنان و رەت کردنەوەی پیاوسالاری.

* بڵاوکردنەوەی دیوانەکانت لە کەیەوە دەستی پێکرد؟

هەتاوەکو دوای راپەڕینیش نەمتوانی دیوانەکانم چاپ بکەم، چونکە رەت ئەکرایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٩یەکەم دیوانم چاپ کرا بەناوی دیوانی (بەندەری بەرمۆدا). دواتر (وتەکانی وتن)م چاپ کرد، نەوەستام دوابەدوای ئەویش (ئاوێنەم شکاند و قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) چاپ کران. لە ساڵی ٢٠١٤ (من دەبێت خۆم بسمیل بکەم) و دواتر لە ساڵی ٢٠١٩ دیوانی (زمانی باڵندەم دەزانی) چاپ کرا، کە کۆی گشتییان حەوت کۆمەڵە شیعرییە.

* جگە لە شیعر لە زۆر بواری تری نوسین دا کارت کردوە، دەکرێت ئاماژەیان پێبکەی؟

جگە لە شیعر نوسین لە بواری وەرگێڕانیش کارم کردوە و کتێبێکم بە ناوی (ناسنامە بکوژەکان) کە لە عەرەبیەوە وەرم گێڕاوە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپ بوە، دواتر کتێبێکی ترم هەیە کە کۆی کار و چالاکی و وتارەکانمە لە سەر مەسەلەی ژن بە ناوی (کتێبی ژن)ە، لەگەڵ ئەوەش چەندین کتێبی ترم هەیە کە دواهەمینیان ئێستا سەرقاڵی چاپ کردنیم لە بەڵگەنامەی مێژویی پێکهاتوە ئەویش بە ناوی (لە شانشینەوە) کە ئەزمونی ساڵانی خۆمە لە ئەردەن و لە ناو کوردەکانی ئەردەن دا.

* دوای ماوەیەک دابڕان گەڕایتەوە بۆ شیعر و چالاکی ئەدەبیی، چی گۆڕانکارییەک بە دیی دەکەیت؟

دوای ئەو ماوەیەی کە گەڕاومەتەوە قۆناغی وێرانەییە، چونکە ئەو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیانەی کە بە قۆناغی شەڕ و قەیرانی دارایی و کارەساتە سەردەمیەکان تێئەپەڕن کە ئەویش تەکنەلۆژیایە، ئەمە وێرانەیەکی ئەخلاقی و هونەری و ئەدەبیە، لەو قەیرانەش ئێستا سەردەمی ریکلامە و مێژوی کەسەکان قیمەتێکی نەماوە، شاعیری راستەقینە نەماوە کە جاران ئەکادیمیانە کاریان دەکرد، بۆیە ئێمە لە ناو قەیرانێکی روناکبیریی داین کە ئەویش ئەوەیە خوێندنەوەی کتێب کەم بوەتەوە.

* پێتوایە هێشتا شیعر جێی گرنگیپێدان و برەو بێت بەتایبەت لای گەنجان؟

بەڵێ هەتاوەکو ئێستا شیعر جێی بایەخە لە کوردستان بە تایبەت لە ناو گەنجاندا، ئەوەش لە کۆڕەکان دا دەردەکەوێت بە تایبەت ئەوانەی خۆم سەلمێنەری ئەوەیە.

* خوێنەری شیعر لە ئێستادا چۆن دەبینی لە چاو ساڵانی رابردو؟

خوێنەر لە ئێستا جیاوازە لە پێشتر، چونکە پێشتر زیاتر بو، داواکاری زیاتر بو، خەڵک زۆر خوێنەوارتر بون، ئەمەش وای ئەکرد کە شاعیرەکان زۆرتر بنوسن و بە بەرپرسیاریەتیەوە بنوسن، بەڵام ئێستا هەموی دەنوسێت، بەڵام هەست بە بونی ئەو بەرپرسیارێتییە ناکەیت.

> ئێستا سەردەمی ریکلامە و مێژوی کەسەکان قیمەتێکی نەماوە

* پێگەی ژنان بەتایبەتی لە شیعردا لە ئێستادا چۆن دەبینی؟ پێتوایە هیچ بەرەوپێشەوەچونێک بەدیی هاتوە لەو روەوە؟

ئەو ژنانەی کە هەن لە ئێستادا هەر ژمارەن، گرنگ نیە لە هەمو بوارەکاندا ژمارەکان چەنن، ئەوەش مانای بەهێزیی ناگەیەنن، زۆر جار کەمینەکان باشترن و بەهێزترن لە زۆرینە، بۆیە من ئەڵێم زۆر گرنگ نیە ژمارەکە چەنە کە ژنان بێنە پێش بۆ نوسین، ئەوە گرنگە چی دەنوسن و بۆچی دەنوسن، بۆ نمونە: (مەستورەی ئەردەڵانی) کە جێدەستی دیارە لە ئەدەبیاتی کوردی لەو هەمو سەردەمانە، ئەو یەکەم مێژونوسی کورد بوە و یەکەم ژن بوە کە شیعری بۆ پیاو نوسیوە، ئەمەش وایکرد پەیکەری لە سنە و سلێمانیش بۆ دروست بکرێت، ئێمە پێویستمان بە ژنی لەوشێوەیە هەیە. لەگەڵ ئەوەش بەشداری ژنان باشە لە روی ژمارەوە، بەڵام لە کوردستانی خۆمان گرنگی بە ژنان نادەن بەتایبەت لە روی شیعرەوە.

> یان مەبن بە شاعیر یان ببن بە شاعیری راستەقینە

* تۆ لە کۆتایی هەشتاکان لە کەلار فەرمانبەر بویت و لەو ژنانەیشی کە زۆرجار بۆ چالاکی ئەدەبی هاتوی بۆ گەرمیان و کەلار بەتایبەتی، را و شعورت بەتایبەت لەسەر ئەم سەردانەی دواییت چیە؟



هەمیشە ئێرە بە ماڵی دوەمی خۆم دەزانم، سەردانیکردنیشم بۆ ئێرە وایکرد هەست بە خۆشحاڵییەکی زۆر بکەم، وایکرد هەست بەوە بکەم کە لەنێو خەڵکی خۆمدام کە پێشتریش لێرە فەرمانبەربوم. یادەوەری زۆر جوانم هەیە لە کەلاردا لەگەڵ نەوەکانی پێشوی ئێرە کە چەندین هاوڕێم هەبوە لێرە شەهید بون، لەوانەش: (محەمەد پەژار)ی شاعیر و (دکتۆرە زوحا).

* تاچەند ئاگاداریی بزاوتی ئەدەبیت لە گەرمیان و بە تایبەت پێگەی ژنان لەو بزاوتەدا؟

پێشتر زۆر ئاگادار بوم، ئێستاش کە هاتمەوە بە دوای قەڵەمەکانی ژنان دا گەڕام لە هەمو کوردستان و گەرمیانیش لە نێویاندا، هەڵمسەنگاندن بە هەست و بیرکردنەوەیان و بەپێی ئەزمونەکەی خۆشم، بۆیە خۆشحاڵم بەو بزاوتەی گەنجان و ژنان و کچانی گەرمیان کە بون بە نەوەیەک ئومێدیان لێدەکرێت، ئەگەر خۆیان ماندو بکەن دەتوانن ببن بە جێگرەوەیەکی قارەمانی نەوەکانی دوای خۆیان.

* وەکو شاعیرێکی بە ئەزمون، ئەگەر بتەوێت رێنوێنی کچان بکەی بۆ شیعر نوسین، چیان پێ دەڵێی؟

پێیان دەڵێم ناتوانی بڵێی بڕیار ئەدەم ببم بە شاعیر، بەڵکو دەبێت ئەو بەهرە و توانایەت تیابێت و ئامادەیت تیابێت بۆ قوربانیدان و ماندوبون و خۆپەروەردەکردن. یەک رێنمایی دۆستانە و پڕ لە خۆشەویستی کچان دەکەم بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ببن بە شاعیر، شاعیربون رێگەیەک نیە بە گوڵ نەخشابێت، بەڵکو رێگایەکە پڕە لە دڕک و خەنجەر و گولە و ئازار، دەڕۆیت و خوێنت لێدەچۆڕێت، لەگەڵ ئەوەش سەربەرزیی و سەروەرییەکی گەورەشی تیایە، یان مەبن بە شاعیر یان کە بون ببن بە شاعیری راستەقینە و خۆتان بن و هەستی ژنانەتان هەبێت.